# زەوی دەکەم
# بە گوڵدانی تەڵێ شەوبۆ

فەرهاد شاكەلی

# زەوی دەكەم
# بە گوڵدانی تەڵێ شەوبۆ

سەرەتاكان:

– پرۆژەی كوودەتایەكی نهێنی
– نەء، شەقامەكان بریندارن
– ڕووبارە تیشكێک لە هەتاوی سوورەوە
– هەوراز

دەزگای چاپ و بڵاوكردنەوەی ئاراس
هەولێر – هەرێمی كوردستانی عێراق

هەموو مافێک هاتووەتە پاراستن ©
دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس
شەقامی گوڵان - هەولێر
هەرێمی کوردستانی عێراق
هەگبەی ئەلیکترۆنی aras@araspress.com
وارگەی ئینتەرنێت www.araspublishers.com
دەزگای ئاراس لە ٢٨ تشرین (٢) ١٩٩٨ هاتووەتە دامەزران

فەرهاد شاکەلی
زەوی دەکەم بە گوڵدانی تەڵێ شەوبۆ
کتێبی ئاراس ژمارە: ١٣٨٩
چاپی یەکەم ٢٠١٣
تیرێژ: ٦٠٠ دانە
چاپخانەی ئاراس - هەولێر
ژمارەی سپاردن لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ٥٦٢ - ٢٠١٣
نەخشاندنی ناوەوە و رازاندنەوەی بەرگ: ئاراس ئەکرەم

ژپنک:
ژمارەی پێوانەییی ناودەوڵەتیی کتێب
ISBN: 978-91-979170-6-3

# زەوی دەکەم بە گوڵدانی تەڵێ شەوبۆ

شیعرەکانی ناو ئەم کتێبە شیعری سەرەتاکانن، هیی دواساڵانی شەستەکان و بەشێکی باشی حەفتاکان. ئەوە سەردەمێک بوو پڕ بوو لە وزە و خەون و بەهرە و ئەزموونی لاوێنی. لە نووسینی دیکەمدا باسی ئەزموونی نوێخوازیم لە شیعری کوردیدا کردووە، ئێستا ئیتر لێرەدا پێویست ناکات لەو بارەیەوە شتێکی دیکە بڵێم.

لەم کتێبەدا چوار نامیلکەی شیعریم سەرلەنوێ بڵاو کردوونەوە:

١- **نەء، شەقامەکان بریندارن**: کۆمەڵە شیعرێک بوو لە هاوینی ١٩٧٠دا بردم بۆ بەغدا، بۆ ئەوەی ئیجازەی چاپکردنی بۆ وەرگرم و بڵاوی بکەمەوە. بەڵام ئەو دۆستەی دەستنووسەکەم لە لا بە جێ هێشتبوو، دواتر پێی گوتم کە دەستگای سانسۆری عیراقی ڕێگەی بڵاوبوونەوەی پێ نەداوە. شیعرەکانی ئەو دەستنووسە نزیکەی ٢٠ دانەیەک دەبوون؛ بەشێکیان ئەوانە بوون کە ئێستا لەم کتێبەدا لە بەشی «نەء، شەقامەکان بریندارن»دا دانراون. چوار شیعریشیان (مردنی شازادە، ونبوون لەناو وشەدا، بەندیخانە و شەقامی شەو، هۆنراوێک بۆ سلێمانی) دواتر لە دیوانی (پرۆژەی کوودەتایەکی نهێنی)دا، ١٩٧٣، بڵاو کرانەوە. چەند شیعرێکیشیان دواتر ون بوون و هەرگیز نەکەوتنەوە دەستم، ئەگەرچی دوویان لە ڕۆژنامە و گۆڤاری ئەو سەردەمەدا بڵاویش کرابوونەوە، دوو شیعریشم تەرجەمەی عەرەبی کرابوون و بڵاو کرابوونەوە.

دیوانی (نەء، شەقامەکان بریندارن) هەر بە دەستنووسی مایەوە و بڵاو نەکرایەوە، بەڵام چوار شیعریانم تێکەڵ بە دیوانی (پرۆژەی کودەتایەکی نهێنی) کردن.

٢- **پرۆژەی کودەتایەکی نهێنی**: یەکەمین جار لە نیسانی ١٩٧٣دا بڵاو کرایەوە. جاری دووەمیش لە ساڵی ٢٠٠٠دا لە هەولێر چاپ کرا و ئێستایش، لەم دیوانەدا، بۆ جاری سێیەم بڵاو دەکرێتەوە. جیاوازییەکی زۆر گەورە لە نێوان ئەو سێ چاپەدا نییە. هەر بە دوای (پرۆژەی کودەتایەکی نهێنی)دا پاشکۆیەک هەیە لەو شیعرانە پێک هاتووە کە یا لە کاتی بڵاوبوونەوەی چاپی یەکەمی پرۆژەدا نووسرابوون بەڵام نەمتوانی لەو دیوانەدا دایانبنێم، چونکە ئەو کات چاپکردنی کتێبەکە پارەیەکی زۆرتری تێ دەچوو، یا ئەوانەن کە لە ساڵانی ١٩٧٣-١٩٧٥دا نووسیومن بەڵام لە دیوانی «رووبارە تیشکێک...»دا بڵاوم نەکردوونەوە.

٣- **رووبارە تیشکێک لە هەتاوی سوورەوە:** هەندێ لە شیعرەکان لە ساڵانی ١٩٧٤-١٩٧٥دا نووسرابوون بەتایبەتی لەو ماوەیەدا کە پێشمەرگە بووم و بەشێکیش ئەوانەن کە لە شام (دیمەشق)، لە پایزی ١٩٧٥ەوە تا بەهاری ١٩٧٧ نووسیبوومن. نامیلکەکە یەکەم جار لە هاوینی ١٩٧٧دا لە بەیرووت چاپ کرا و هەر لەوێوە بە رێگای پۆستدا ناردم بۆ دۆستەکانم لە ئەوروپا و ئەمەریکا.

٤- **هەوراز:** نامیلکەیەک بوو یەکەم جار لە ساڵی ١٩٨١دا لە چاپخانەی زانکۆی ئوپسالا، سوێد، چاپ کرا. شیعرەکان هی ساڵانی ١٩٧٧-١٩٧٩ بوون.

بێجگە لە شیعرەکانی ناو ئەم بەرگە، پێم وایە ١٥-١٦ شیعرێکی

دیکەی ئەو ساڵانەم هەن، کە بە هۆی پێشمەرگایەتی و جێگۆڕکێ و سەختییەکانی سەردەمی بەعسەوە ون بوون و هەرگیز نەمدۆزینەوە.

ناوەڕۆکی شیعرەکانی ئەو ساڵانەم پێوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە ژیان و ئەزموون و بیرکردنەوەی سیاسی و هونەریی خۆمەوە لەو سەردەمەدا هەیە. ڕەنگە گرنگترین ڕووداوەکانی ژیانم لەو ساڵانەدا ئەمانە بن:

- تێکەڵبوون بە خەباتی سیاسیی کوردایەتی
- دڵداری
- پێشمەرگایەتی و بەشداریکردن لە بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی کورددا
- تاراوگە: سەرەتا لە سووریا و لوبنان، پاشان لە ئاڵمانیا و سوێد

نزیکەی یەک ساڵ لە ئاڵمانیا ژیام و ئێستا ئەوە ٣٥ ساڵە لە سوێد دەژیم.

ئێستا کە شیعری سەرەتاکانی ژیانی ئەدەبیم سەرلەنوێ بڵاو دەکەمەوە، مەبەستم ئەوە نییە وای پێشان بدەم کە لە هەموو ڕوویەکەوە، زمانەوانی و/ یا ئێستێتیکی، بە شیعری جوان و باشیان دادەنێم، بەڵکە دەمەوێ ببێتە بەشێک لە پرۆژەی کۆکردنەوەی سەرجەمی بەرهەمە شیعرییەکانم. هەر لەو چوارچێوەیەدا لە بەهاری ٢٠١١دا کتێبی «بڵاچەیەک درز دەخاتە تاریکەشەوی تەمەنم» لە لایەن پەخشخانەی ئاراسەوە بڵاو کرایەوە، کە کۆکراوەی چوار دیوانی دواییم بوو. ئەم کتێبە، **زەوی دەکەم بە گوڵدانی تەڵی شەوبۆ**، بەو پێیە، دەبێتە بەرگی یەکەمی شیعرەکانم.

فەرهاد شاکەلی

سلێمانی ٢٠١٣/٤/٩

# پرۆژەی کوودەتایەکی نهێنی

چاپی یەکەم: بەهاری ١٩٧٣

چاپی دووەم: هەولێر ٢٠٠٠

## مردنی شازادە

ئێوارە بوو... دوا فرمێسکی کچێکی شەنگ
ڕژایە سەر تەرمی خنکاوی لەبیرچوون،
شەوێکی دەم بە پێکەنین
چاوێکی مەنگ
ئەیڕوانییە شڵپەی هەستی بەرەو ونبوون.
دیوارەکان، مناڵەکانی سەر شەقام
وەکوو شووشەی پاش گەردەلوول،
گەردێکی خەست،
تۆزێکی سوور، وەکوو ئازاری دڵداری
بەسەریانا ورد ئەباری،
ئاسمان دڵی سەهۆڵێ بوو.
گۆڕەکانی ئەودیوی شار
ژمارەیان تێپەڕ ئەبوو
لە چوارهەزار.
ئەو پیاوانەی دووروڵات بوون، کز ئەهاتن
بۆ دانیشتن،
لە پەنای چوار دیواری پڕ لە ڕازی سەیر،
مزگەوت، مزگەوتی پڕ لە کوێر...
لە ناکاوا وەکوو شووشە شکاندمی

ئیتر خۆمم هیچ نەبینی،
پارچەی شکاوی گیانی من
پرش و بڵاوەی کرد لەوێ.
هەر پارچەیەک هەستیارێکە گزنگی خۆر،
تریفەی مانگ ئەکاتە جوانترین هەڵبەست.
ئەزانن کێ بوونی منی وا لە ناو برد؟
وەکوو شووشە شکاندمی...؟
وەکوو شەوی فێنک خۆشە،
ڕەشە وەکوو شەوی ئازار.
خەوێکی زۆر شیرینم بوو، لە شووشەدا
ئەژیا وەکوو شازادەیەک،
بردی، دزیی،
شووشەکەشی بۆ نەهێشتم،
شکاندی، بوو بە فەرهەنگێ هەڵبەستی جوان.

کفری ١٨-١٠-١٩٦٩

## بەندیخانە و شەقامی شەو

شێوەکانی نهێنیی دوور
ئاسۆی دڵی زامدار ئەخۆن.
گزنگی سوور
لە لاپەڕەی زەردی گوڵا
وشەی ئاسمانی بێهۆشی
ئەخاتە ناو شەپۆلی تاڵ،
ئەخاتە ناو تەمی خۆشی.
بووکی تازەی چوارچێوەی گیان
ئەبەن بەرەو پەردەی جوانی
هۆشی خنکاوی گۆڕستان.
نووزەی باڵی پڕووکاوی
تاڤگەی تیژی
سەرکەوتنی دوا هێرشی پیتی ساماڵ
بیرەکانم ئەخاتە چاڵ.
پیاڵەی هەموو ناسۆرەکان
زەنگێکە بۆ تریقەی شەو،
ئاڵتوونێکە دوا هەنسکی
گریانی ڕەش زاخاو ئەدا.
هەناسەی دەم،

لێدانی دڵ، گورج، بێ وەستان
بیرەوەریی
گەورەترین تاوانی لەش تۆمار ئەکا،
تا ببێتە
داستانی پیس، مێژووی ژیان.

بەفرەکانی لای دۆڵ و چەم
شەوی کاروانی ڕێگاکان
ڕەشتر ئەکەن.
سەرما چەقۆی ناو برینە،
خوێیە بۆ ناو گلێنەی چاو،
دەنگێکی ناسکی پاراو...
شێوەی کچێکی شۆخ و شەنگ،
زۆر نەرم و شل،
تریفەی مانگ بەسەر سەریا
ئەجریوێنی،
مەمکەکانی
دوو قۆزاخەی لۆکەی سپین،
شەونمێکی بێگەرد و ئاڵ
ئەڕێژێتە سەر لاپەڕەی گیانی ونبووم.
تەنها من نیم ئەی شتەکان...!
ئێوەیش هەموو
شەپۆلی شەو ماچتان ئەکا.
خۆشییەکی زۆر گەرمتر

له خۆشیی ساتی پژمەیەک
له دوورەوه به دی ئەکەم،
له پێش پاییزا پێی ئەگەم.
شارەکانی دەشتی وڵات
گەڵای دارستانێکی پڕ
بانیان ئەدات.
زەردەپەڕی ئاسۆی نیان
دەرگاکانیان
ئەکاتەوە، ئەڕژێتە ناو کۆڵانەکان.

***

ئەستێرەکان
لەژێر شەوی شەپۆلدارا
ئەجریوێنن، مەلە ئەکەن،
ئەندێشەی تەڕ
ڕائەکێشن بۆ پەنایەک،
ماچی ئەکەن، هەموو یەک یەک.
ئەیخۆنەوە
لەگەڵ فرمێسکی گلێنەی
بریندار‌ی شەوی مەینەت.

***

**هەواڵ ببەن بۆ کۆشکی شا!**
**بڵێن: وا لووتکەی (خەوەرنەق)**
**له بەرزاییی ئاسمانایە،**

**رازاوەیە،**
**بەڵام ئەمڕۆ بۆ (سینیمار)**
**هەموو شوێنێ جێگای کۆشکە.**

***

کوڵۆی هەوری ڕەش و تاریک
شەوی هێمن دائەپۆشێ.
ئازارەکان لە لێواری
دوڕگەی سەهۆڵی خنکاوی
شالاَوی پڕ نازی دەریا
خۆیان ئەخنکێنن، ئەمرن.
ئارەزووی سوور هەموو ڕەنگێ
تێکەڵ ئەکا،
تێکیان ئەدا بەسەر یەکا.
پێکەنینێ
هەنگاو ئەنێ
بەرەو مەڵبەندی پەرستگا.
وێنەکانی دوێنێی ژیان
لەسەر شانۆ تێپەڕ ئەبن،
وێنەکانی دوێنێی ژیان،
دوێنێی ژیان...
**[فاتکەی ناسک ناسکترە لەو ڕۆژانەی،**
**جاوی پرە**
**لە ئاگری حەزێکی قورس...**

**لە دڵداری،**

**ماچی دەم و لێوی تینوو،**

**لە ئازاری**

**گازگرتنی پڕ تام و ژان.**

پەرتووکی خوای داخ و تاوان

ئەکرێتەوە،

زەردەخەنەی سارد و بێگیان

لاواز ئەبێ

ئەڕژێتە سەر

تەختی سەهۆڵ

شۆڕشی کڵپەی ئاگری

پەشیمانی

تەوژمێکە ئەبێ بڕوا...

پەشیمانی... پەشیمانی.

***

ئەمڕۆ شینی گوڵێ ئەکەم

لە ڕۆژگاری تاریکیدا

بە بڵێسەی تیژی ئاگر

پەڕەکانی هەڵئەقرچا،

دڵۆپی جوانی و ناسکیی

گەردەلوولێ هەڵیئەگرت.

***

شەقامەکانی شارەکەم

تاریکییەک دایپۆشیون
لە بیابانی وشەی ڕەش
تێپەڕ ئەبێ مۆسیقای دڵ.
تەمی پاییز
ئاوازەکان ئەگرێتە خۆی.
شەقامەکان
ئەخاتە سەر چڵی تاوان.

***

چرۆی پاراو
ئەبێتە دوا سرووودی گیان.
بە هێواشی پەردەی شانۆ
پێئەکەنێ بۆ دارەکان،
بۆ هەموو ژیان.
منیش بۆ تۆ
زەوی ئەکەم بە گوڵدانی تەڵێ شەوبۆ.

***

بۆ یادداشتی ژیانی تاریک
ئەیانەوێ
لەگەڵ وشەی هۆنراوەما
خۆی دەربخات،
بۆ هەموو چاوێ دەرکەوێ.
یادداشتی من، بڵێم چییە؟
تیانووسێکە

سپی و خاوێن
هێشتا دێڕێکی تیا نییە.
بەڵام ئێوە هیچ کەسێکتان
تیانووس نییە تەنها دێڕێ
لە مێژووی ژیانتان هەڵگرێ،
بگرین بۆ ئەو هەموو ڕۆژەی
ڕزا لەژێر هەنگاوتانا.

***

بەندیخانەی ترس و ئازار،
چاوگەی مووچڕکی ناخی دڵ،
بێشەی چریکەی تووڕەییی
شۆڕشی گیان،
داخی تۆڵەی ژەنگداگرتوو،
چڕنووکی دیل،
کەلەپچەی ئاسنی لاواز،
قاقای دەروونی مانگرتوو...
لە قووڵاییی ئەشکەوتایە،
سەر ناکەوێ
تا تریفەی مانگی شیرین
نەڕژێتە خوار
لەگەڵ هاژەی لێزمەی بەهار.

کفری ٢٠ تا ٢٧-١٠-١٩٦٩

# هۆنراوێک بۆ سلێمانی

## داستانی خەبات

بەسەر تاپۆی شەونمێکا
برینی قووڵ تیمار ئەکا،
هاواری ئەو هەموو ساڵە،
فرمێسکی ئەو هەموو ساڵە،
گریانی شەو، خوێنی ڕژاو،
ئەو تەمەنە ڕەش و تاڵە،
شەقامەکان ئەخاتە سەر
بڵێسە و گڕ،
شۆڕش، تووڕەیی، ڕقی چڕ.
زەردەخەنەی ژێر پێی تەمەن ئەڕوانێتە
ئەو چەقۆیە، ئەو خەنجەرەی کەوا پێتە.
مناڵەکان دێن و دەچن،
خرمەخرمی چەپڵەڕێزان ئەڕێژنە
سەر پەیکەری شێخی گەورەی وڵاتەکەم.
با لاشەی وەک بەرد و ئاسن
گوللە، ژەهر، بیخواتەوە،
با پاییزی ماتی شادی
ڕووبارەکان پڕ کاتەوە،

خۆ بەفرەکانی سەر لووتکەی پیرەمەگروون
لە شاییی پڕ گریانمانا ئامادە بوون.
لە بیریانە کۆشک و تەلار چۆن ئەڕووخا،
لە بیریانە کە نووسیمان لەسەر بەردێ:
(بەفری سپیمان ناچێژێ هیچ نامەردێ).
وا شەو کشا بەرەو ئاسۆ،
لووتکەکانی لەژێر پێچەی دیاریی ڕەشا
کردە نیشانەی بەرگری،
بیرەوەریی
نیگای مردووی چاوی کچێکی ئەم کوردە،
کچە شەنگەکەی نەغەدە.
وا سەو کشا بەرەو ئاسۆ... پیتی نیان
بە ڕیز ئەڕۆن بەرەو لووتکەی پیرەمەگروون.

## ڕوومەتی ئەمڕۆ

لە کۆتاییی شەوی ساردا دەنگێکی کز
پەردەی ناسۆر ئەسووتێنێ،
وا ئەزانم
دەنگی قووڵی خۆشەویستیی باوکمانە.
ئەستێرەکان
میوەی زەردی ئاواتەکانی پێشوومن،
ئاسمانی ڕەش دوا نیگایە
لە چاوی دەستگیرانەوە.
ترپە ترپی پێی سوارەکان

مۆسیقای ناسکی شەوە؛
دوانزە ترپەی ڕێک و دڵگیر،
دوانزە سوارن لە چاویانا نینۆکی شێر
دەرپەڕیوە،
ئەڕۆن بۆ ناو خێڵەکانی لای مەریوان.
سروەیەکی فێنکی ڕۆژ
وێنەکانی شەوی نووستوو ئەسووتێنێ،
گوڵاو ئەڕێژێتە قوڕگی
گوڵەکانی سیسبووی تەمی ڕۆژگاری کۆن.

کفری ٩-١١-١٩٦٩

## ونبوون لەناو وشەدا

گوڵۆپەکانی شارەکەم لە گێژاوی تەمی ڕەشا
ئەتوێنەوە، نیگای نەخۆشی کوێرێکن.
ئەڕۆم بەسەر شەقامێکا مەمک
لەژێر پێما ئەقیژێنێ،
باڵدارەکان شەقەی باڵیان دیاریی شەوە،
چەقۆی ئازار
داستانێکە بۆ کۆتاییی گیانی خەوە.
دیوارەکان! دەرگاکانی ئاسنی سارد!
شەقامەکان...! کوا ماڵەکەم؟
کوا ئافرەتی خۆشەویستی شەوی ژیانم؟
من نازانم
دەرگاکەمان چۆنە ڕەنگی؟
زین پێکەنین ئەخاتە سەر لێوی شەنگی...؟

***

پەنجەکانم ئەگرین لە تاوی ژانێکا
ئەیانخاتە سەر بڵێسەی ئاگری ڕووت،
چزووی دڕک
ئەچەقێتە گلێنەی بێگەردی چاوما،
ملم ئەسوێ لەبەر زبریی گورێس و ڕک.

ئەمڕۆ ژمارەی دوژمنی
ڕاستەقینەم هەر زۆر ئەبێ.
باڵدارەکان لە ئاگرا ئەسووتێنم،
مناڵەکان ئەخنکێنم،
زەهرێکی خەست ئەڕێژمە ناو پەرداخی
خواردنەوەی هەموو خەڵکی ئەم شارانە.
لەناو دڵما تەلارەکان
درزیان برد و هەموو ڕووخان،
ئێوەش بەسەر وێرانەدا هەنگاو بنێن!
بڕۆن و بێن...!
لەژێر هەموو شتێکا دێو ئامادەیە
بمکاتە دوا پێکەنینی شەوی خۆشیی...
لە تاریکیی سووچەکانا
زۆر چەقۆی تیژ وەستاوە بۆم،
بەڵام ناڕۆم...
ترپەترپی پێی دزی شەو
خەو ون ئەکا لە چاومانا.
هەورەتریشقەی زستانی ساردی ئەمساڵ
مناڵەکانی ناو بێشکە و دەسرازەی پان
ئەترسێنێ، وێڵیان ئەکا لە گڕوگاڵ.
وشەکانی ناو فەرهەنگی ئەم خەڵکانە
کەوتوون لەسەر شەقامەکان،
چڕنووک ئەگرن لە پێی ڕێبوار،

پیتەکانیان هەموو ڕۆژێ
لەگەڵ گزنگی بەیانا
ڕوو ئەگۆڕێ.
من ئەمەوێ وشەیەکی گەش و پاراو
بنێمە سەر گلێنەی چاو،
بە درێژیی تەمەن پاک بێ، ژەنگ نەیگرێ.
ئەو وێنانەی تازەن، جوانن
لە چوارچێوەی تەختەیەکی ڕەشا نووستوون.
پەنجەکانم تامەزرۆی دەستلێدانێکن.
ئەڵێن: ئەمڕۆ سەرمایەکە
پەنجەی هیچ کەسێ گۆ ناکا.
دەسا بگرین بۆ ئەو چاوانەی کە کوێر بوون.

کفری ٤-١٢-١٩٦٩

# پرۆژەی کوودەتایەکی نهێنی

## سێ دەنگ لە مێژووەوە

١

لەسەر گلێنەی چاوەکان
دیواری کۆشک دامەزراوە.
وەک نەخشێکی ئێجگار گران
کەللەسەرێک هەڵواسراوە.
نووزە و گریان،
فرمێسک و داخی نهێنی گیای بەهارە.
تاریکایی خزاوەتە کۆشی هیوا،
لە ناکاوا
کوورەی ئاگر کۆشک و دیوار وێران ئەکا،
گلێنەی چاو دیمەنی ژیان ئەخواتەوە.
چەکۆش ئاوی تینوێتییە.

٢

بیابانی دوورگەی عەرەب
گەرد و لمی ئاگرینی
ئەڕێژێتە شاخ و دەشتی وڵاتەکان...
شەقامەکان داپۆشراون.

بۆ دامەزراندنی مزگەوت
بەرد و داری
شاخەکانیان کرد بە دیوار،
لـمی دوڕگەی عەرەبیان کرد
بە مرواری.
گلێنەی چاو دیلی تەمی بیابانە.
تاوانێکی نالەبارە
شەقامی خۆر لە یاد بچێ.

٣

ئاسۆ دیار بوو کە سوارەکان بە تاو هاتن،
ئالای ڕۆژیان هەڵگرتبوو
ڕوخساری پڕ لە تووڕەییی (سپارتاکۆس)،
چاوی (سیزیف)
لە ڕوومەتیانا دەرئەکەوت.
لەژێر گەرد و تۆزی چڕی
سمی وڵاخەکانیانا
ئاسۆ لە چاو ون بوو، نەما.
لە بیریان چوو:
وشەی نهێنی دابنێن،
چەکوش، چرا لەگەڵ خۆیانا هەڵگرن.

## چەند بڕگەیەکی پرۆژەکە

١

لە ڕوومەتی ئاوێنەدا
هەنگاوەکانمان ئەبینرێن
نوقمی قوڕن،
پەلەقاژەی ڕزگاربوونیان چیرۆکێکە
بۆ منداڵان ئەیڵێینەوە.
لە ڕوومەتی ئاوێنەدا
چاومان نییە، ئەکەوینە ناو چڵپاوی
دڕک و داڵ و ئاگری ڕۆژی تەماوی.

٢

مانگ بکەینە وشەی جوانی گۆرانیمان،
ئەستێرەکان
بە ملوانکەی تریفەدار بۆ دەسگیران،
ئەوسا گڕی ئارەزوومان
پشوو ئەدا، ئارام ئەگرێ،
لە باوەشی پڕ لە تامی زیندا ئەمرێ

٣

زەنگی بارگەی شەوی کۆچمان
ناگاتە گوێی کچۆڵەکان،
لەناو نوێنی دڕکاویدا
هێشتا خەوتوون،

ئامادە نین بۆ هەڵپەڕین،
بۆ پێکەنین.
کاتێ ئەچین
کە مەمکیان، گۆنا و دەمیان، تێر هەڵمژین،
حەزی هەزارساڵەی تەمەن
لە یەکەم ماچا برێژین.

٤

شەقامەکان تاریکایی دایپۆشیون،
ئەشکەوتی قووڵ هەڵواسراوە لە ڕێگادا.
بزماری ژێر هەنگاوەکان هێزی چەکوش
لایان ئەبا.
لە کاتێکا
بەسەر شەقامی ڕووناکا
هەنگاو ئەنێین،
لاشەمان وا ماندوو ئەبێ
لەناو گڕی ئاگری تووڕەییماندا
نێرگس و شەوبۆ دەرئەچێ.

٥

گەردەلوول و گڕی تەمەن بە شەقاما
بچێ، باوەش ئەکا بە گوڵ، بە نەماما.

شاکەل ١٤-٢-١٩٧١

## گۆرانی... ناسۆر... بۆ کێ وتران؟

پێشکەشە بە (ئە...)

١

وشەکانم نیگای چاوێ ماچی کردن.
ئاوازی شیرینی گیانی دوور لە مردن
لە دڵیانا
تریفەی مانگی شەوگاری
کۆچی ڕێگای خۆشەویستیی
کردە ملوانکەی مرواری
بۆ گەردنی سەرنجی قووڵی هیوایان.
دەرگای ڕووباری دیلکراو
بە شەپۆلی زێڕینی ئاو...
کرایەوە...
گزنگی تافی لاوێتی و ژینی تاسەم
کردە هێلانەی چاوی ڕەش.
فریشتەکەم... شازادەکەم
وشە، ئاواز، پیتی سواڵکەر
لە گەنجینەی مانگی چاوتا ئەلەوەڕێن،
بەناو شەقامی تاریکا
بۆ یادداشتی مۆمی کوژاوە ناگەڕێن...

وشەکانم لە گێژاوی خۆشەویستیی
فریشتەیەکدا سەرخۆشن.
ناسۆری تاڵی ڕۆژانی
ناو ڕۆژژمێر
بە ناکامی هەڵکڕووزان.
ئەو ئاسمانەی چاوی هیوام بە تاسەوە
تێ بڕیبوو،
ئامادە بووم ژیانم بکەم بە پێپلکە
بۆ چوونە لای،
ئێستا بە گەرمی ئەیگوشم،
لە پەرداخی چاوی شینیا
پێکی سەرکەوتن ئەنۆشم.

٢

ناسۆری مەرگ،
داخی تاڵی پڕ لە ژاراو
لە توێی شەوی گۆرانیما
چرۆ ئەکەن.
سەرچاوەی گەرمی ڕووباری
پێکەنینم
وا خەریکە بێتە سەهۆڵ...
باخی وشە و ئاوازی چۆڵ،
ڕۆژژمێری تازە و کڵۆڵ
لە لێواری

ئاسۆی دوارۆژا ئەبینم.
کۆشی نیگای چاوەنواڕی
سارد و سڕە،
سینگی وتەی خۆشەویستی
داخکراوی بڵێسەی ئاگر و گڕە.
شانۆی زێڕینی لاوێتیم
ئەگری بۆ مانگی ئاوابوو،
ئەو ئاوازەی بە گوێی تەمەنما تێپەڕ بوو.
بۆ تۆ... بۆ تۆ...
تەڵی بچڕاوی کەمانی گشت ئاواتم...
خوای ئایینی ونبووی دڵم،
تەنها بۆ تۆ و چاوەکانت
شانۆی زێڕینی لاوێتیم
بێئارامە...
بێئاوازە...
بەناسۆرە...

کفری ٢٥-٥-١٩٧١

## پرسیار سەبارەت بە ئاوارەیەک

وێنەی تەڵخی خۆم ئەبینم
لە ژیلەمۆی وشەی دڵداری و تاسەتا،
لە گوڵاوی هەناسەتا.
پەڕەی دڵی هەڵکڕووزاو و ناکامی
خۆم ئەبینم
لە گلۆڵەی پەشۆکاوی گفتوگۆتا.
هەڵبەستەکانم لە نامەی دڵداریتا،
لە وشەی نەرمی ئەوپەڕی ساکاریتا،
زۆر جار دەنگی ناسکۆڵەیان دێتە بەر گوێم،
لە خۆشییا...
لە شەپۆلی ئەندێشەی قووڵا ئەخنکێم.
بۆ ڕابوردووی شەرمەزاری خۆم ئەگەڕێم
بیتاسێنم،
بیفەوتێنم،
لاشەی کرمۆڵی لە چاوی
هەموو شەیدایەکی ڕاست و بریندارا
وەکوو نیشانە هەڵواسم.
وام نیازە لە تۆ، لە خۆم، لە گشت کەسێ
پرسیار بکەم:

ڕاسته ئاوارەی شەقام و هەورازەکان،
شێتی وشەی پڕ له باروت،
هاری دڵی پڕ ئاگر، چاوی نیان،
بەندی ناسۆری باخی ڕووت
گەیشتۆته نزیکی پەیکەری سپی؟
باوەش ئەدا
له بڵێسەی ئاگری سوور؟
وام نیازه
له تۆ، له خۆم، له گشت کەسێ
پرسیار بکەم، هاوار بکەم
من دڵداریم ناوێ لەناو
بەندیخانەی ئاسنینا،
لەناو بێشکه و دەسترازەدا گیانم ناوێ،
ژانم ناوێ.
بۆ هەتاوێ
دەمی هەڵبەست و گۆرانیم هەڵئەهێنم
بمسووتێنێ
بەڵام وەڵامی پرسیارم بۆ بهێنێ،
بمسووتێنێ
بەڵام لەباتیی سێبەرا،
بەڵام لەباتیی سێبەری
پڕ له بۆنوبەرامەتا
تۆم بۆ بێنێ...

شاکەل ١٣-٨-١٩٧١

## برووسکەیەک بۆ خوای تاوان

کاتێ دیوار و پەرژینی
کۆمارەکەی مەهابادم هەرەس دێنێ،
لاشەی قازی
لە چوارچێوەی گلێنەما
لەناو گڕی داخ و بێدەستەڵاتیدا
پاشەڕۆژی ئەم وڵاتە و ئاواتی گەل ئەدۆڕێنێ،
جبریل باڵی لە بەرپێتا ئەڕزێنێ،
پشکۆی دەستی سەربازێکت
ریشی گیڤارا و کاسترۆ ئەسووتێنێ...
وا مەزانە
سەر شۆڕ ئەکەم بۆ گەورەییت،
لەپی سواڵم درێژ ئەکەم بۆ بەزەییت.
با فریشتەی ژمێریاری چاکە و تاوان
بلیۆنێ جار
بە گومڕایەک تۆمارم کا،
لە دۆزەخی ئەو جیهانا زەبانییەت
هەڵمژەنن لە ئاگرا.
گوێ شل کە بۆ نرکە و قیرەی نوێی چوارچرا،
بڕیارە تازەکەی سیزیف،

سپارتاکۆس بخوێنەوە!
برووسکەکەم بخوێنەوە...!
گوێ شل کە بۆ چەمی ڕێزان و ئاگریداغ،
گوێ شل کە بۆ قرچەی تەختی خوایەتێکەت
کە ئەسووتێ لە ئاگرا.

بەغدا ٢٣-١٠-١٩٧١

# نامەی شەیدایەکی بێزار

ئەمشەو لە ناخما (مەولەوی)
فرمێسکی شەیدای دڵسۆزت بۆ ئەنێرێ.
چەپکێ وشەی ساکاری پڕ خۆشەویستیی
لەگەڵ نمەی بارانێکا
ئەنێرێ بۆ
(عەنبەر خاتوون)ی ناو نیگا و پێکەنینت.
تاسەی دیدەی کوێری شەیداکەی (تاوەگۆز)
بۆ ماچی خاڵ و گەردنی خاتوونەکەی
لە چاومایە،
لە دڵمایە،
لە گشت هەست و هەناومایە
بۆ دیدەنیت...
بیستنی ڕازی دڵداری،
ڕاوی پەپوولەی تریفەی پێکەنینت،
وشەی وردیلە و شیرینت.
وا ئەمشەو گیانی (مەولەوی)
لە ئەستێرەی دڵداریوە هاتە زەوی
تا هۆنراوەی وەک مرواریت پێ ببەخشێ،
ئاسمانی پڕ لە ئەستێرەی شارەکەتان

بۆ پیرۆزبابیت بنەخشێ،

بۆ سەیری چاوت بنەخشێ...

**"... چاوەکانت دوو داستانی بێکۆتایین،**

**دوو فەرهەنگی تەواونەبووی**

**بەسەرهاتی دڵدارانن،**

**دوو پەیامی پێغەمبەرن،**

**دوو باڵداری بێهێلانەی**

**ئێوارانی ئاسمانەکەی بێئاگایین**

**کە نازانن...**

**لە کام دوورگە ناونیشانی (ڕۆمیۆ)ی ناکام**

**پەیدا ئەبێ.**

**چاوەکانت**

**پشکۆ ئەنێنە ناو چاوی**

**وشەکانم...**

**بۆ دێڕەکانم بڵێسە و گڕ ئەنێرن،**

**چاوی ئارام و دڵخۆشیم هەڵئەکۆڵن،**

**ئەو تەختەیەی (عیسا)ی پێوە شەتەک درا**

**دیارییانە**

**بۆ (مریەم)ی هەموو هیوا و ئاواتێکم...".**

کفری ١٠-١-١٩٧٢

هاوکاری (ژمارە: ١٤٣)، ١٩٧٢

## پاشماوەی وڕێنەیەکی شەوانە

بە دیواری شارەکانا زۆر هەڵزنام،
لە دەروازەی ڕووبارەکان
پەڕیمەوە.
لێوی زۆر ئافرەتی جوانم بریندار کرد،
ناودەمیانم تێر هەڵمژی.
پیرەژنی چیرۆکەکانم بێزار کرد.
پیرەکانم لە گێژەنەی
شەوی چاوەڕوانیمانا
هەموو خنکاند.
ڕووم کردە شینایی ئاسمان.
باوەشم دا لە داوێنی مەرگ و ئازار.
پەنجەم خستە سەر گۆی مەمکی
پلیشاوەی بەهاری ساڵ...
لە کاروانی شەوی ئازارا دەرکرام...
بۆ تۆ گەڕام،
بۆ خۆم گەڕام،
بۆ خوا گەڕام،
بۆ ناونیشانی دڵداری و سۆزی ئەوساکەمان گەڕام...
بۆ بەهەشتی چاوت گەڕام...

**"... ئێوارە بوو نامەی ئاسمانم پێ درا،**
**کۆترەکانی ئاسمانی شار**
**پێ ئەکەنین.**
**فرمێسکی خوام کردە ناو قووڵاییی برین،**
**بڵێسەی ئاخ،**
**هەناسەی تاڵ،**
**چاوەنواڕی**
**چزووی ژانیان لە گلێنەم کێشایەوە.**
**پێکەنینی وەک مرواری**
**لە لێواری**
**هەنگاوەکانما نیشتەوە..."**
بە خوڕ باران
بۆ ناو گەرووی زەوی کشا...
بە دەنووکی ئاڵی دەرگای
سەربانەکانمانی کوتا...
بەسەر شار و دەشتا باری،
بەسەر گۆزەی سینگ و مەمکتانا باری،
بە شەو باری...
کاتێ لەگەڵ بووکی ئەندێشە و تاسەتا
تێکەڵ ئەبووم هەر ئەباری...
باران باری...
بە خوڕ باری...
شازادەکەم

گڕی لێوم بەسەر کوێستانی ناودەمتا
بە گوڕ باری...
مانگی پەنجەم
بۆ گۆی لینجی مەمکەکانت
بە خوڕ باری...
دەریای چاوی بێبوارم
بۆ لووشینی لەشی ڕووتت
تامەزرۆ بوو...
کراسی خۆر کرایەوە
لە دڕکەزیی دیوارەکان...
گیانم تینووی هەموو گیان و لەشی تۆ بوو...
لادێکەمان
تینووی ڕۆژ بوو...
ئاسۆی، هەتاو...

بەغدا ٣١-٥-١٩٧٢

# یەکێک لەو شەوانە

لە پۆستەخانەی شەوگاری تاڵ و مۆنا--
کە ئاسۆی ژان
ئەستێرەکان
لە بوخچەی کۆچی دڵداری و ئازارمانا
شەتەک ئەدا،
قۆڵی ڕەش و قورسی ئاسمان
لە گەردنی سەرنجەکانم گیر ئەبێ،
وشەی گەروو ئەتاسێنێ.
هەڵبەست لەژێر نووکی چەقۆی
لێکبڕانا
گیانەڵایە --
چاوەڕوانی شەوبۆی وشەی پاراوی تۆم،
چاوەڕوانی کەڵپەی تیژی نامەیەکتم
کە لێواری
مێشک و چاوم
هەڵتەکێنێ.
نیگای چاوی چاوەنواڕی
شاری مەنگی ئەندێشەکان
ئەورووژێنێ...

پەلەوەری شارەکەتان
بە شوێن یەکا پۆل پۆل ئەفڕن
ڕووەو ناخی زامەکانم
خوێ ئەهێنن.

بەغدا ١١-٦-١٩٧٢

## تاسێک لە کۆچی هەلاڵەدا

لە قەڵبەزی پڕ ئەسرینی شەوی داخا
بۆ زایەڵەی یادگارەکان
گوێ شل ئەکەم.
زەنگۆڵەکانی سەر زینی ئەسپی ڕۆژگار
بە گوڕ دێن و تێپەڕ ئەبن...
هەتا بڕوا،
سنگی ماتی بێدەنگیمان هەڵئەدڕن.
پرسیار ئاسۆی گلێنەمان دائەپۆشێ،
شەو لێوی ناسکی ئەنێتە سەر گۆنای
ئەندێشەکان.
دڵی هەوری بەزەییمان
دائەخورپێ
بۆ تاوێکی کز و ماتەم.
پەنا بۆ کۆشی ئاواتی تاساو ئەبەم،
باوەش لە لاشەی بێگیانی سەرنج ئەدەم.
بچکۆلەکەم!
هەلاڵەکەم...!
لە ئاسمانی بێڕەنگ و بۆن پرسیار ئەکەم،
بووکی شەنگی هەڵبەست لە خۆم بێزار ئەکەم.

بۆ بێدەنگیت...
بۆ وێنەی شێواوی گۆمی بیرەوەریت،
بۆ کاروانی گوڵاوپژێنی ڕۆژانت،
بۆ کەژاوەی سپیی تەمەن،
بۆ نەمانت،
بۆ کۆچی خامۆش و مەنگت...
هەڵاڵەکەم...!
پرسیار ئەکەم،
پرسیار ئەکەم...

شاکەل ٢٧-٨-١٩٧٢

## ١، ٢، ٣، ...

١

پۆستەی هەواڵ،

گیانە! توێ توێی دەروونی پڕ کردم لە ژان...

پۆستەی هەواڵ

ڕیپۆرتاجە،

هەواڵی دوا هەڵواسینی

خولیاکانی پێ گەیاندم.

ئەڵێ دەرگای شارەکەمان

لێی نووسراوە: بڕووخێ خوا،

مردن بۆ ژیان،

بۆ دڵداری...

ئەڵێ: نیگای دراوسێکان،

چاوی ماندووی ئاوارەکان

نەفرین ئەکەن

لە چیرۆکی جوانەمەرگی خۆشویستنمان،

تف هەڵئەدەن

بۆ ڕوومەتی وێنەکانمان.

٢

پۆستەی هەواڵ
لە دەلاقەی لێکبڕانی تاڵمانەوە
بۆنی ژووری شەوی دڵداریتی هێنا.
کە نیگای چاوی ئاوارەت
بە شوێن تەزی هۆنراوەکانما ڕا ئەکا،
لەگەڵ گوڵاوی تاسەما سەما ئەکا.
چاوی ماندووت
ئەژی... ئەمرێ،
پێئەکەنێ،
پێچەی هەڵواسینی هەزار هەناسەی دیل
دائەدڕێ...
دەرپێی شەرمی
هەزارساڵەی (لەیلا) و (شیرین)
دائەکەنێ...
باوەش ئەکا بە لاوێتیی وشەکانما،
لە ئەندێشەی ئاگرینی سەربڕاوم
ئاوس ئەبێ...
پێئەکەنێ...
ئەژی، ئەمرێ...
لەسەر خاچی یاسا و ڕژێمی ئەمڕۆمان
خۆی و منیش لە دار ئەدا.

٣

شەوی زستان،

زستانی دواییەنەهاتوو—

لەناو نوێنی تەنهاییما هەنگاو ئەنێ…

مەگەر وەرزی چاوەکانت،

بۆنوبەرامەی بەهاری ساڵی گیانت

دەریبێنێ.

٤

ڕەنگە بەهاری یەکتری پەرستیمان

لە ڕۆژگاری بیرەوەریتا سوابێ،

ئێوارەی کۆچی هەتیومان…

**[... لە باوەشی شەوی مۆنی ژوورەکەما**

**هێشتا وشەی ناو پەڕاوی قوتابخانە**

**وەکوو دەرزی**

**بە لێواری مێشکی سووتاوما ئەچەقین**

**تابلۆی بێگەردی کچێنیت**

**ئەشێوێنم...**

**کە لێوی ڕۆژ**

**گۆنای شارە تازەکەمانی ماچ ئەکرد...**

**بە دیواری خۆسەویستیتا هەڵزنام،**

**لە دەروازەی ڕووباری چاو پەڕیمەوە...**

**گۆنای ئەوین،**

**لێوی تاسەت**
**بە گەرداوی چاوەنوارِیی تاڵی لێوم**
**بریندار بوون...]**
ئێوارەکەی ئەو کۆچەمان
ئەڵێم ڕەنگە
لە باخەڵی بەهاری ژینا نەمابێ،
وەکوو ڕشانەوەی پیرێ
بەسەر نوێنی دڵداریمانا ڕژابێ...

بەغدا، کۆتاییی ١٩٧٢

## دوالاپەڕەی ڕشتەی مرواری

برینەکانم پاپۆڕن...
برینەکانم پاپۆڕن...
باریان فرمێسک و ئازاری تەمەنێکە،
باریان ژانەکەی عیسایە...
برینەکانم پاپۆڕن...
تەختەکانیان لاشەی ڕووتی وڵاتێکن
خۆر نایگرێ،
چارۆکەیان
سەرپۆشەکەی (ئەختەر)ە...

***

برینەکانم پاپۆڕن...
هەواڵ ئەبەن
بۆ ناو کۆشک و تەلارەکان،
بۆ لاپەڕەی گۆڤارەکان،
بۆ جیهانی هەژارەکان...
ئەڵێن: نەخشەی ئەم جیهانە
وڵاتێکی تیایە، ماتە...
مناڵەکانی گۆرانی بۆ ڕۆژ ئەڵێن...
وڵاتێکە شەقامەکانی ئازارن،

شارەکانی کڵپە و گڕن،
ڕەنگی دەروازەکەی خوێنە،
ئاسمانەکەی
خوێنی هەزاران شەهیدی پێوە دیارە...
شاخ و دەشتی،
دۆڵەکانی،
گشت خاکەکەی
تینووی سەوزایی و بەهارە...

***

کێیە هێشتا باوەڕ نەکا
کە دوا مناڵی ئەم شارە
دیلی هەزاران پرسیارە...؟
کە گەورەکانی ئەم شارە
هەموو ڕۆژێ ژن ئەهێنن،
مزگەوت بۆ نوێژ دروست ئەکەن،
داوای بەهار لە خوا ئەکەن،
بە ئاوازی شمشاڵێکی مەرگەوەڕ
سەما ئەکەن.

***

هاوڕێم... هاوڕێی هەزار ساڵەم
نامەکانت
لە ئاگری سنوورەکانا ئەسووتێن،
لە دۆزەخی ئەودیوەوە

بۆ دۆزەخی ئەمدیو نایەن،
وەکوو هیوای
هەڵبزرکاومان ئەسووتێن،
وەکوو تاسەی
دیداری یەکتر ئەخنکێن.
نامەکانت کە پێم ناگەن،
لە پۆستەخانەکەی پایتەخت
پرسیار ئەکەم،
بۆچی ڕێگای
نامەی برا ئاوارەکەم
نادەن، بگات...؟
ئەڵێن چونکە
ئەو فەیلییە...

***

ئەمشەو کە پایتەخت ئاوسە...
ژان ئەیگرێ
کارگەکانی وڵات وەستان
بەڵکوو بزێ...
تەنها کارگەی بنێشت نەبێ...

***

شیرینەکەم
وا تۆ ئەڕۆی...
من ماوای خۆم باش ئەزانم.

ئەوەی من ئەیگرم بە یار،
بە خۆشەویست،
بە دەستگیران...
نامەوێ شێوەی لە تۆ بێ،
نامەوێ شێوەی لە تۆ بێ...

***

پێنجسەد ساڵە...
هەزار ساڵە...
نامەیەکی تاڵم پێیە،
خاوەنەکەی نادۆزمەوە...
ئەڵێن دەمێکە نوستووە،
پۆستەچییە...

شیرینەکەم!
مەهابادی خنجیلانە
لە توێی شەوی زۆرداریدا
ون بوو... ون بوو...
لە دڵمانا بوو بە یادێ...
بەڵام گیانە
هەزاران فڕگەی ئاوەدان
وا لە چاوی ساواکانی مەهابادا،
هەزاران بەندەری گەورە
وا لە دڵی منالانی مەهابادا،

بۆ پێشوازیی
ئەو قازییەی دەروازەی شار
ئەکاتەوە...
دیوارەکان ئەڕووخێنێ،
خۆشەویستی و گوڵ و شادی
پێشکەش
ئەکا بە هەموو شار...
ئەو قازییەی
دیلێتیی ئەو هەموو ساڵە،
تاسەی دڵی داریکەلی،
برینەکانی دیاربەکر،
ناسۆرەکانی قامیشلی و چەمی ڕێزان،
لە چوارچرای ئەم جارەدا
ئەدا لە دار...
ئەدا لە دار...

هاوکاری (٦٢)، ٣-٨-١٩٧٣

# پاشکۆی

# "پرۆژەی کوودەتایەکی نهێنی"

# چەند بڕگەیەک لە ئازارەکانی ڕاسکۆڵنیکۆڤ

١

کە زایەڵەی چپەی گەرمی
خۆشەویستیی
دەستگیرانەکەم ئەبیستم
لە قوژبنی بەندیخانەی ئازارەوە
کاروانەکەم ڕێ وێڵ ئەکات،
سەری ماندووم
لە تاوێر و تاشەبەردی ڕێگا ئەدات،
کارەساتی لەیادنەچووم
بۆ میلیۆن جار سەر هەڵئەدات.

٢

بۆ کوردستان سروودێکی
تازە ئەڵێم
کە ئاوازی براکانی فەلەستینی لەگەڵدایە،
هەڵبەستێکی نوێ دائەنێم
وشەی ڤێتنامی تێدایە،
کە شەو داهات
بۆ منالان چیرۆکێکی وا باس دەکەم

کە کەمبۆدیا، ئەریتیریا،
زوفاریان پێ بناسێنم،
ناوی گێڤارا لە بەر کەن.
سروودەکەم، هەڵبەستەکەم، چیرۆکەکەم
بۆ کوردستانە... کوردستان...

**٣**

هاوڕێکانم!
هاوینێ بوو
شارەکەمان خەمی نۆشی،
تاسەی لەدایکبوونێکی تازە و بەگوڕ
چاوی منداڵەکانی ئەو ڕۆژەمانی
دائەپۆشی،
گریان لە دەمماندا گۆڕا
بوو بە خۆشی
کە هەواڵی گەشتنامەکەی
چوار ڕێبواری
ڕێگای وڵاتمان پێ درا،
لە کاتێکا گریان لە دەممانا گۆڕا
بوو بە خۆشی
هاوینێ بوو...
حوزەیران بوو.

٤

هاوڕێکانم...!

پاییزێ بوو

شارەکەمان مێژووی تازەی

بۆ خۆی نووسی.

لە بەردەرکی سەرای شاری

بێفرمێسکا

نوێنی خەوتنمان هەڵواسی،

خەوبینینمان

کەژاوەکەی خۆی تێکشکان...

هاوڕێکانم...!

قەتارەی ساڵ بە شوێن یەکا

ملیان ئەنا

دیسانەوە پاییزێ بوو

دیاریی دەستمان بۆ منالآن

تفەنگێ بوو.

کەوتینە ڕێ

بۆ هێنانی نەورۆزێکی بڵێسەدار

بۆ لووتکەکەی پیرەمەگروون.

٥

هاوڕێکانم!

هاوڕێکانم!

بەهارێ بوو...
لەسەر سیروانێکی بێئاو
کاروان خستی...

٦

گەورەکانم!
گەورەکانی ئەم وڵاتە!
زستانێ بوو
لەناو نوێنی گەرمتانا
تێئەکۆشان،
زستانێ بوو کە نەیانهێشت
پێڵاوەکانیشیان ڕەنگ کەین؛
پەلیان گرتین،
لەم وڵاتە دەریانکردین...
گوێم لێ بگرن!
بۆچی پلارم تێ ئەگرن؟
دەریانکردین
چونکوو لاتین،
چونکوو گشت بێدەستەڵاتین،
چونکوو... چونکوو
بێ سەنگەرین.

هاوکاری (ژمارە: ١٣٩)، ٢١-١-١٩٧٢

## ١٩ی حوزەیران و بڵێسەی شار

هێشتا ئازاری برینەکانم
گڕێکە گیانم،
ئەندامەکانم
پێی هەڵئەقرچێ،
نامرێ تا هەموو دوژمنەکانم
نەکەم بە دارا بە تەڵی پرچێ...

مانگی زێڕین و شەنگ و چەواشە...
بێڵە بچێژم،
جوانیی بێگیانت،
ڕق و تووڕەییم لەژێر ئاسمانی
وەک ئاورێشمی
قژی نەرمدا بێتە گۆرانی

شەو بوو کە نووکی
تیژی چەقۆیان
قووڵاییی دڵی منی لە بەر کرد،
ئارەزووم گریا بۆ کەناری گیان،
هەر بە تاریکی

داری ئاڵتوونی منیان بێبەر کرد.
سروودی گەرم و شۆڕشگێڕانەم
ویستیان وێڵی کەن وەک ئاوارەیەک...
لە چۆڵی شەوا
لەگەڵ تەلاری بەرزی ئەم گیانەم
بیکەن بە قورگی دڕندەی خەوا.

لەسەر شەقامی سەوزی شارەکەم
چوار داری گەورە و
نازداریان بڕی،
بوون بە ئاگرێ،
بورکانێ، گڕێ
قژی یارەکەم
پێی سووتا و ڕەنگی ئاسمانی سڕی.

مەگری گیانەکەم...!
هیچ خەفەت مەخۆ...!
سبەینی ئەڕۆم
قژێکی زەرد و نەرم ئەهێنم
بیدە لە سەرت و تێر بنوارە بۆم!
بەڵام پاش ئەوسا
لەژێر ئاسمانی وادا نامێنم...

هاوکاری (١٢١)، ١٧-٦-١٩٧٢
برایەتی (٢٧)، ٣٠-١١-١٩٧٢

## زەنگ و یاسای دوڕگە سەرلێشێواوەکان

شەو بوو... کە شار لەژێر پەتی سێدارەدا
دوا ماخولیای مێشکی ماندووی ئەتاساندم،
لاشەی هیوا لەو گێژەنەی ئازارەدا
کرمۆڵ ئەبوو،
ئەبوو بە کۆت،
دائەهێزرا گیانی یەکجار هەراسانم.
هەنگاو پژا
لەسەر شۆسە، لەسەر شەقام.
نیگای کزی گڵۆپەکان
ورد ئەڕژا،
دائەباری
بۆ سەر گلێنەی سیلاویی کۆڵانەکان.
چنگی ڕەشی تاریکایی
گەرووی قاقای هەڵئەتەکان،
بۆ سەر سینگی ڕۆژەکانم
ئازار خزا
گلێنەی یاد
کڵپەی سۆز و ژانی تێ زا...
گەڵای سەوزی وشە ڕزا...

بووکی شەنگی ئەندێشەکان
ڕێچکەی هەنگاوی وردیلەی
لێ ون ئەبوو...
ئەکەوتە سەر تاشەبەردا،
تارای شیتاڵ شیتاڵ ئەبوو،
گەردن و سینگی خوێناوی.
دڕکی پرسیار بە پێی چاوەکانما چەقی،
چڕنووکی داخ
گۆنای ئاڵی چاوەنواڕیی
هەڵئەدڕی...
هیوا تەزی،
باوەڕ تەزی،
سەرنجدانی بێکۆتاییم
لە زیندانی دڵا تەزی.
سەرم کاس بوو،
دڵم گیرا...
شەقامەکان
لە گەردەلوولی سامناکی
ئارەزووما
هەڵئەلەرزین.
وێنەکانی سەر ڕووی دیوار
یەک یەک وەرین...
شەقام، شەقام...
بۆ تۆ گەڕام،

بۆ کەژاوەی پڕ فرمێسکی
خۆشەویستیمان ئەگەڕام...
هەتاوی شار بێ بزە بوو،
فریشتەی یادمان دڵتەنگ بوو،
گوڵدانی یاد بێ شەوبۆ بوو،
شار بێ تۆ بوو...

شاکەل ٢٦-٦-١٩٧٢

نووسەری کورد، ژمارە: ٨، مایسی ١٩٧٣

## مژدەی لەدایکبوونی تابلۆیەک

لە فەرهەنگی وشەی پیس و شەرمەزارا
بۆ گۆرانی چاو گڕ ئەدەن،
ئەیانەوێ
لە لاشەی دیلی شێرپەنجەی ئاگردارا،
لەناو دڵی خانەگومان و پووچەڵ و بریندارا
سوپەرمانێ دروست بکەن،
خۆشەویستی پەیدا بکەن.

***

گوێی تەمەنی بێ پەڕوباڵ
تینووی ئاوازێکی گەرمە،
لە تاریکیی شەوی قاڵی ئەشکەنجەدا
سۆزی دڵداریی ئاگرین
بخاتە ناو دڵی بێچاوی کرچ و کاڵ،
تامی مەمک، سینگ و گەردن هەڵبرێژێ
لەناو لەپی بێپەنجەدا.

***

لە گۆڕخانەی پێنووسەکانا کڵپەیەک
نەڕەی تریشقە و بەهاری تازەی پێیە،
سەرگەردانە،
بێ دەنگوباسە، بێ جێیە،
کۆشکی خۆزگەی فراوانە.

ونبووەکانی شەقامی شاری بێڕۆژ
پرسیار ئەکەن
ئاخۆ بەهاری بۆ کێیە؟

گەرچی سواری چاونەترسی بەهارەکەم
لە گێژاوی "لەبیرچوون"دا سەری نوقمە،
گەرچی ئاڵای ڕۆژی نەورۆزی شارەکەم
کەچی دەستی کوێرەکانە،
نووکی پێنووس لە شەقامی بێگڵۆپا
مێژووی مناڵان ئەنووسێ
لە مزگەوت و دیوەخانا،
لە تاریکاییی شەقاما،
لە گشت دڵێکی ناکاما
وشەی پاراوی ئەڕێژێ،
داستانەکانیان ئەنێژێ.
نووکی پێنووس...
لە خوێنی سووری ڕژاوی
گیانی مرۆڤی بێتاوان،
لە مردنی بزەی سەرلێوی دەستگیران،
لە تاسە و ئاخی ڕەنجەڕۆ،
لە چیرۆکی خۆشەویستیی
هەموو دڵدارێکی ونی شەقامەکان
تابلۆی بەیان ئەنەخشێنێ،
ئاوازێکی وا دائەنێ
نووستووەکان
لە خەوی قووڵ هەڵبسێنێ... ژین (ژمارە: ١٠١)، ساڵی سێیەم، ١٥-٢-١٩٧٣

## به دوای چاوی غەمگینی ساڵێکتا وێڵم

گۆنای شەوگار، ئاواتەکەم! لێوی تاسەی ئەندێشەکان
شەقار ئەکا و ماچەکانم
لەژێر دەواری پەژارەی لێکبڕانا سەرگەردانن.
تاریکاییی کۆڵانەکان، شەقامەکان، هەموو هۆڵ و
ناو چایخانە و تەلارەکانی ئەم شارە...
**[وەکوو قژی ئەو ئافرەتانەی دڵداریی**
**من و تۆیان لا تاوانە و**
**لە زیندانی لێکبڕانا چاوی گەشی هەڵئەکۆڵن،**
**چاوی ڕەشت بە دووکەڵی**
**ئازاری تاڵ ئەئاخنن، وەکوو دیداری ئەو خەڵکەی**
**نایانەوێ وەک مەم بمرم،**
**وەک زین بژییت...]** ئاڵاوەتە گەردنی گشت ڕوانینێکم...
ڕێگای نێوان چاومان تیغە و دڵداریمان ئاورێشمە...
چاوت فڕگەی ئاخ و هەناسەی دووریمە،
کاتێ بە شەو
ئەبی بە کۆشک و شازادەی نیگاکانم
لە پەناتا ئارام دەگرن...
ئەبی بە دار و چۆلەکەی حەزەکانم
بەسەر لقوپۆپتا دەگرین.

گەر بمەوێ پێناسینێک بۆ تۆ دانێم

دەبێ چۆن بێت...؟

<> ئۆکسیجەن: گازێکی بێڕەنگ و بۆن و تامە، ناسووتێ و یاریدەی سووتان دەدات.

<> ئاوەڵناو: بەو وشەیە دەوترێ کە بۆ تەواوکردنی مانای ناو یان ڕاناو بە کار دێت وەکوو: قوتابیی زیرەک.

***

بەهار لە توێی نیگاتایە،

شەوی زستانێکی سووتاو لە چاوتایە...

**[کە بارانی بەخوڕ چاوی**

**کێڵگەکانی بۆ ئەڕەشتین، بیرەوەریی**

**گەرمی بەسەرمانا ئەڕشت،**

**چپە و ڕازی خۆشەویستیی لە توێی دڵی دڵدارەکانا**

**سەوز ئەکرد...]**

خۆشەویستی لە چاوتایە،

ئەستێرەیە و ناجریوێنێ،

ئاسمانی تەڵخ نیگاکانی ئەخنکێنێ...

تاسەی بینین،

تاسەی بینین،

ناسۆرێکی تاڵ و سەنگین

لە چاوتایە...

نیگاکانت جۆرێ ماسین، نەبینراون،

وەک ئاڵتوونن، وەک ئاورێشم،

وەک شتێکن... نەبینرابێ، نەبیسترابێ...

وەکوو خۆتن...

شەپۆلێ ڕِایانئەپێچێ تەڵخە، لێڵە...

تۆڕی گیانم

بە دوای هەواڵیانا وێڵە...

بە دوای هەواڵێکتا وێڵم...

بە دوای چاوی غەمگینی ساڵێکتا وێڵم...

بەغدا ٣-٧-١٩٧٣

ڕۆشنبیری نوێ (ژمارە: ٤٥)، تشرینی دووەمی ١٩٧٥

## لەگەڵ کشانی دیجلەدا

چاوی گریانت هەتا کەی خەم ئەڕێژێ؟
شەوی ماتی نیگاکانت
تا کەی ورشەی ئەستێرەیەک
بۆی نابێتە گەردانە؟
لە شەوگاری غەریبیما نامەیەک
بۆ وڵاتە زامدارەکەم ئەنووسم...
ئاژانسەکان
لە هەواڵی وڵاتەکەم بێزارن...
پۆستەخانەی گشت شارەکان
لە نامەی نیشتمانەکەم بێزارن...
لە شەوگاری تووڕەییما نامەیەک
بۆ هاوڕێکانم ئەنووسم،
باسی ژیانی دڵدایمان ئەنووسم...
لە شەوگاری ئەم شارەدا
دیجلە ئەکشێ،
دیجلە ئەڕوا و
دیجلە هێشووی تووڕەییمان ئەڕنێ.

بەغدا ١٠-٢-١٩٧٤

# شەیدای بارانێکی سەوزم

ئەگەر لەناو پەڵەهەورێکی سپیدا، دایە،
چاوت بەو یارە کەوت
وەکوو ڕێژنەی بارانێکی سەوز
بەرەو ڕووی زەوی ئەکشا...
ئەگەر لەناو گوڵدانێکا
بینیت
بووبوو بە تەڵێ نێرگس
پێی بڵێ: دڵدارەکەت
ڕێگای هەوارگەی کوێستانی گرتۆتە بەر،
پێی بڵێ: وشەکانی دڵدارەکەت
بە هەوراز و لووتکەکانا هەڵئەزنێن...
پێی بڵێ:
کە ئەم جارە هاتەوە لات
گەردانەیەکی بەفرینت بۆ دێنێ،
هاژەی ڕووبارت بۆ دێنێ،
تاسەی پێشمەرگەیەکی شەیدات بۆ دێنێ،
جوانیی هەموو کوردستان
ئەبەخشێتە بالآت...

چۆمان ١٨-٣-١٩٧٤
دیاریی لاوان (ژمارە: ١)، کانوونی دووەمی ١٩٧٥

# نەء، شەقامەکانبریندارن

# گوڵی سوور

چیمەنی خۆشی نیگای پڕ لە گیان
شەپۆلی نەرمی لێوی ئاڵ، نیان
لەسەرخۆ بەسەر دڵی ئاواتا
تێپەڕە ڕووەو ئاسۆی گەش و سوور!
لەگەڵشەپۆلی تیژی خەباتا
هەڵگرە دیاریی لووتکەی سپی و دوور!.

چاوت سروشتی سەوزی بەهارە،
بزەی خرۆشی گەرمی یادگارە،
نیگای ڕێکەوتی کچێکە، تەمی
ناسۆر کوشتوویە گزنگی دەمی.

وام زانی نمەی بارانی ئەمساڵ
ئەڵێ ئەخنکێ خاکی ڕەش و تاڵ،
بۆیە برووسکەی ئاوازی گەرووم
لەسەر لاپەڕەی دەروونی تینووم
نووسیی پیرەمێرد! موژدە بێ ئەوا
موژدەی بەیانت هات بەسەر کێوا.

له دەریای قووڵی لەرەی هێمنا
شەپۆلێ نووزە و گریانی پێیە،
هەرچەند چەسپاون لە گیانی منا
لووتکەی ڕاستییان دوورە، بێڕێیە
بۆ ئەو کۆترانەی گولاڵەی زۆر شوێن
لەناو پەرداخی بیرا دائەنێن.

دیوارەکانی ئەشکەوتی شەوم
ئاوسی داخ و یادگاری تاڵن،
درز ئەبەن، نوێن و سەرینی خەوم
لە تاریکیدا گشت ڕائەماڵن...
تیری تاسەیەک دڵ زامدار ئەکا،
ئەکەوێ گەڵای سەوز بەسەر یەکا،
چەند پەپوولەیەک ئاگر لە خۆیان
بەر ئەدەن، ئەمرن، ڕوو ئەکەن لە ژیان:
ئەمرین بۆ ئەوەی لاشەمان ببێ
بە خۆڵێ گوڵی سووری تیا بڕوێ...
یادی گوڵی سوور بکەن بە نەورۆز!
بیکەن بە دیاری بۆ گیانی پیرۆز!.

١٩٦٨

# گوڵاڵە

کچە جوانەکەی گشت گیان نەرم و شل
ملوێنکەی یادی دڵداری لە مل
بێڵە با باوەش بکەم بە گیانتا
گەرمی بچێژم لە چاوەکانتا

با گەرمی و خۆشیی ئەو لەشە جوانەت
بێتە هێلانەی دەروونی مەستم
کوێستانی سپی و نەرمی ئەو شانەت
تەزووی بەختیاری بدا بە هەستم

بێڵە با لەناو قژی درێژا
خۆم حەشار بدەم، گۆرانی بڵێم.
بەسەر بەهاری چاوی کلڕێژا
کام هەڵبەست خۆش و شیرینە دانێم.

با سەر بنێمە سەر سینگێ کانیی
ئەم کوردستانەم دێنی بە بیرا،
وەک خەو ئەبینم، یادگاری ژیانی
دڵداریم وا لە کۆت و زنجیرا.

با تێر گوڵاڵەی مەمکی کچێتی
لە باتیی هەموو گوڵێ بۆن بکەم
باغی تەمەنی تازەی گەنجێتی
بە شەونمی سەر گوڵێ ئاو بدەم.

هەموو هەستێکی گیانم بە پیاڵەی
شەرابی نیگات با سەرخۆش بکەم
کۆرپەی دەروونم با بە شیرینیی
هەستی ناسک و نەرمت گۆش بکەم.

کچە جوانەکەی گشت گیان نەرم و شل
ملوێنکەی یادی دڵداری لە مل.

کاری میللی (الملحق الكردي للعمل الشعبي)
ژمارە: ٥، ساڵی یەکەم، ٦-٨-١٩٦٩

## کوڵۆی ئاگر

مانگی سپی، ئەستێرەکان خەرمانی
نیگای شیرین ئەپرژێنن بە جوانی
لە قووڵایی دەروونمانا بێدەنگی
کوڵۆی ئاگر ئەنێرێ بۆ دڵتەنگی

لەسەر سنوور ڕائەوەستم، بە ئاگر
شەوی تاریک ئەخنکێنم لە دڵما
شەقامەکان پێئەکەنن بۆ یەکتر
کە ئەڕوانم نە بڵێسە، نە گوڵ ما

لەناو پیاڵەی پڕ دڕکدا یادگاری
بەهەشتێکی ژیانی خۆشم ئەنۆشم
چاوی ڕەش و کراسی نوێ و باڵداری
شەوی مزگەوت پێم ئەزانن سەرخۆشم

وێڵە بیری ئەم ڕۆژانەم لە شوێنێ
شەوی لادێ ماوە تێدا و ئەمێنێ
گیانی جووتیار لەژێر داری نەبوونا
داخ و شۆڕش ئەنووسێ لە دەروونا

دایکی نەفام بە ناکامی لە ئاسمان
پاڕانەوە بۆ فرمێسکی ڕژاوی
ئەکا، تاکوو مردنی کۆرپەی نیان
کەم کاتەوە سزای گران بۆ چاوی

گوڵاڵەکان، نەمامی تەڕ ئەسووتێن
لە شەپۆلی سووتێنەری هاوینا.
چرۆی نەرم، گەڵای سەوز هەڵئەقرچێن
هەر گوڵێکە لە بەفراوی شیرینا...

گۆڤاری کاری میللی (العمل الشعبي)
ژمارە: ١٩، ئابی ١٩٦٩

## هەڵبەستێک بە فرمێسک ناخنکێ

لە قووڵاییی زامی دڵا هەڵبەستێ
بەرامبەرم وەکوو یادگارئەوەستێ،
یادگاری ئەو شەوانەی تۆی نازەنین
خولیای منی ئاوارە بووی وەکوو ژین،
وەکوو ڕازی خۆشەویستیی هەر دڵێ
بە تاریکی خۆشترین بەستە بڵێ
بۆ ئەو چاوەی سەرچاوەی دڵنەرمییە،
کانیی تەزی پڕ لە جوانی و گەرمییە.
بۆ خورپەیەک سەرچاوەی بێ گۆی مەمک،
گوڵی ئاڵ و پاراوی لێوی تەنک.
یادگاری پڕ لە ناسۆری تەمەنێ
لە زووخاوا خنکاوە و پێناکەنێ،
هەڵئەقرچێ لەناو گڕی ئاگرا،
وێڵە لە هەردەی گریانا، بێ چرا...

***

لە قووڵاییی زامی دڵا هەڵبەستێ
پێئەکەنێ،
شەنگە وەکوو پەریی دەریای ئەندێشە،
هەنگاو ئەنێ

بەسەر کەلاوەی تەلاری دڵێکا
نوقمە لەژێر
تەمی بێدەنگی و فرمێسکا،
کەلاوەیەک
هەموو خشتێکی دایکێکە
دڵنەرمی و خۆشەویستی،
یادگاری تاڵ،
بیرەوەریی شیرین و خۆش
ئەڕژێتە خوار لە پەنجە وردەکانی
هەمیشە
پێئەکەنێ
هەنگاو ئەنێ
ناوەستێ.
***
لە قووڵاییی زامی دڵا هەڵبەستێ
دەرگای هەموو چاوێکم لێ ئەبەستێ،
باڵی پەپوولەی ئەندێشەم قەمچ ئەکا،
بەرامبەرم وەکوو یادگار ئەوەستێ...
هەڵبەستێکە تەڕ و پاراو، ڕووی خۆشە
ساوای نەرمی بیری منی لە کۆشە،
هەڵبەستێکە
شەوی قژی بەهەشتە
دەریای قووڵی چاوەکانی خامۆشە.

هەڵبەستێکە لە شەپۆلی فرمێسکا
هەر زیندووە و ناخنکێ،
پێئەکەنێ،
بەرەو ئاسۆی خەم و یادگار و تاسە
هەنگاو ئەنێ،
ناوەستێ.

شاکەل ١٩٦٩
هاوکاری (ژمارە: ١٢٠)، ١٠ی حوزەیرانی ١٩٧٢

## پەیکەری سپی

نووستووە شەوی خامۆش لە چاوتا
سەنگینە وەکوو سروەی ئارەزووم،
دەنگی دڵداریم وا لە هەناوتا ...
بیلاوێنەوە گەر خۆیشم نەبووم.

کانیی ڕۆشن و تەنک ئەبینم،
لێوی ڕەنگینە...
بە زەردەی خۆری ئێوارەی هاوین...
بە هیچ بەفراوێک،
بە هیچ شەکراوێک
ناڵێم شیرینە،
هەتا تینوێتیم ئەمرێ بە مژین.

لووتکە و دەشتەکان
هەموو بە جارێ باوەشیان داوە
لە بەفری گەرم، بێ جێ و سەرچاوە،
حەز ئەکەم بۆ گشت بەرزییەک بڕۆم،
لایا جێ بێڵم
چەپکی نێرگس و گوڵاڵە و شەوبۆم

له گشت لاپاڵێ،
له گشت هەورازێ
ئاوی گۆرانی
بکەم بە تۆوی یادی ژیانی
ئەو شۆڕەسوارەی بە قرچەی گەرما
بە بێ پشوودان
گوڵی ڕیز ئەکرد بەسەر ڕووی تەرما

گۆڕستانەکان...
بانگ ئەکەن لە گیان
بتاوێتەوە لەناو نەبوونا،
ئاواز بڕێژێ،
گۆرانی بڵێ بۆ دەریای نەمان،
بێئومێد بێت لە کاتی هەڵچوونا.

بەڵام هیچ شەوێ چاوی دڵداری
ئەڵێم کوێر ناکا هەتا بمێنێ
گزنگی خۆری زۆر پرشنگداری
تازەی بەهاری
پەیکەری سپی، گیان بسووتێنێ...

هاوکاری، (ژمارە : ٣٩)، ١٧ -١٠ -١٩٧٠

# ڕووبارەتیشکێک لە هەتاوی سوورەوە

چاپی یەکەم: بەیرووت، هاوینی ١٩٧٧

# گۆرانییەکی سوور بۆ سابڵاخ

ئەمشەو سابڵاخ بەهەشتێکی بێدەرگایە
حەزەکانم کز کز تێیدا هەڵدەنیشن
چاوەڕوانی بارانێکی زێڕینن...
ئەمشەو سابڵاخ
نامەی سووری بەرباخەڵم دەکاتەوە و
دێڕەکانی
لەگەڵ نمەی بارانی خۆشەویستیدا
دەخواتەوە...
گوڵۆڵەی گشت زامەکانم دەکاتەوە و
لانکی ئێش و خەمخواریم ڕادەژەنێ...
ئەمشەو گیانم لە سابڵاخا
کۆترێکی بێهێلانە و ئاوارەیە
ئاسمانی شینی کوردستان پەی ئەکا...
ئەمشەو گیانم کۆترێکە
دورگەیەکی سەوز و شیرین شارەزایە
کەشتیی ڕەنج و کەساسیمان
لە کەناریا لەنگەر دەگرێ...
"لە چوارچرای ئەم جارەدا
دارێکی سوور هەڵدەزنێ"

ـ دایە مەگری... دایە مەگری!
وا من لە باوەشی گەرمی سابڵاخا
دەرگای بەهەشتی شادیم لێ کرایەوە...
دایە مەگری!
بۆ نازانی
لێرەیش هەتاو ئاوارەییمان دەبینێ...؟؟
بۆ نازانی مانگی ئێرەیش
ڕەهێڵەی زام دەبارێنێ... ؟؟
ـ مەگری... مەگری...!
کچی ئاوات و دڵداریم بۆچی دەگریی؟
دڵدارەکەت
لە سێبەری درەختێکی بێگەڵادا
خەو نابینێ...
دڵدارەکەت
پێشمەرگەیە...!!

سابڵاخ ٣-٧-١٩٧٤

## کەژاوەی خوێن

بۆ ئەنوەری ئامۆزام

١

شەوی پێنجوێن
تارای بووکێکی ناکامە...
شەوی پێنجوێن
ئاوازێکە لێوی برین دەیبارێنێ...
نیگایێکە و
مرواریی ساڵانی تەمەن دەخنکێنێ...

٢

هاوڕێینە خوێن هەتاوێکە
گشت سەردەمێ
دەئاڵێتە
باڵای درەختی ئاواتی هەژارەکان...
خوێن ڕێگایە و
هەنگاو پێیا
بۆ ئاسمانی پیرۆزەییی ئاواتەکان
سەر دەکەوێ...

### ٣

ـ کەی دێ... کەی دێ...
ئەو بەهارەی برینی تیا سارێژ ببێ...؟
کەی دێ... کەی دێ...
ئەو بارانەی
وشکەساڵی هەژارەکان بشواتەوە و
وەرزێ بێنێ
سەوز بێ...
سەوز بێ...
چاوی ژیانی بێ وەنەوز بێ...؟؟

### ٤

ـ هەر دێ... هەر دێ...
بەهارێکی بێ برین دێ
ڕۆژێکی بێ ئاوابوون دێ...
ئەی چۆن نایێ
کە چاوی شار
چاوەڕێی هەڵهاتنی بێ؟
ئەی چۆن نایێ
کە ژانی شار
کە زامی شار
ئاسۆگەی هەڵهاتنی بێ...؟
هەر دێ... هەر دێ...

ئەی چۆن نایێ

کە خوێن ڕێگای هاتنی بێ...؟؟

ـ کەی دێ... کەی دێ...؟؟

ـ ئەو کەژاوە سوورەی بووکی هەڵگرتبێ

هەر دێ... هەردێ...!!

ڕایات، ئابی ١٩٧٤

## زستانی ئێش

١

زستانی ئێش، گیانە، کەی بێ ببڕێتەوە... !!
کەی بێ لێوی تینووی بارانی دڵداری
لەناو پەڵەهەوری دەمتا
نوقم بکەم...!؟
ـ زستانی ئێش دەبڕێتەوە...!!

٢

نامەی گەرمی خۆشەویستیم ناگاتە لات
تیغی ڕێگا دەیدڕێنێ...
دەنگی یاد و خەوبینینم ناگاتە نات
شەوی ڕێگا دەیخنکێنێ...

٣

ئازیزەکەم! ئەگەر ڕۆژێ هەتاو نەما
لەناو زیندانێکی بەعسا بۆی بگەڕێ...!!!

کرماشان ١٧-١٢-١٩٧٤

## تۆ دووریت و دووریت نزیکی گیانمه

له دووریتا...
خەم وەک گەڵای زەردی درەخت
بەسەر شەوی چاوەڕوانیما دەبارێ...
له دووریتا
شەو دەبێتە دارستانی تاریکایی و
تاسەم تێیا ڕێ دەرناکا...
له دووریتا
تۆ دووریت و دووریت نزیکی گیانمە.

بیرتە ڕۆژێ
وەکوو هاوینەبارانێ
بەسەر ڕووباری پەمەیی تەمەنی تۆیا داباریم؟
ـ وێنجەی نیگات گەشایەوە ـ
چاوم شەیدای گزنگێکی تازەی ڕۆژ بوو،
دارستانی وشەم تینووی شەستەبارانی نیگات بوو،
دەستم حەزی لە ئەرخەوانی باڵات بوو،
گەڵاپرتەقاڵی قژت
سەرنجی پەنجەی دەدام.
وتم: ڕەشەبا بارانی شەستی پێیە،

شەپۆل لـەی نهێنێکان
دەبەخشێتە دەشتی کەنار...
من کامیانم...؟؟
ڕەوەسوێسکی بێباڵی دەنگت پێی وتم:
نازانم...
بۆ نازانی...؟؟؟
کچەڕووباری لەسەرخۆ، بۆ نازانی...؟؟
دەبێ ڕۆژێ هەر ببیتە
هاوڕێی شاخ و دەشت و بنار
کە تۆ تاوی باران بیت...
دەبێ لێوی چەخماخەیەک
هەر ماچت کات
کە تۆ شەوی زستان بیت...

بەغدا ٦- ٨-١٩٧٥

# چواربڕگە خۆشەویستی بۆ (ک)

١

خۆشەویستیت، گیانە، ڕووبارێکی سوورە
بە دەماری لەشما بە گوڕ دێت و دەچێ...
کێ دەتوانێ
لە دەماری لەشیا ڕووبار هەڵگرێ...؟؟
خۆشەویستیت
بورکانێکی نەتەقیوە
لە دڵمایە
کێ بێ بورکان
لە ناو دڵا هەڵگرێ...؟؟

٢

کە تۆم ناسی
بووم بە ئاشنای ژانی هەموو هەژارێ.
کە تۆم ناسی
بووم بە هاوڕێی گشت ڕەنجدەر و کرێکارێ...
کە تۆم ناسی
ئەوسا زانیم
هەموو ئاسمانی کوردستان بێهەورە...

تەنها هەوری لێوی تۆیە
بارانی لێ دەبارێ...!!

٣

خۆ دەزانم
ڕێگای کۆچی ڕووەو هەتاو ئێجگار دوورە.
خۆ دەزانم
ڕێگا پەرژین و تەلبەند و سنوورە...
خۆ دەزانم
ڕێگای خەم و ژان و تاسە و مەینەتە...
بەڵام ئەوەیش دەزانم
لەسەر ڕێگای ژیانم...

٤

تۆ پەلکەزێڕینەیەکی هەموو دەمێ
لە ئاسمانی دڵداریما دەردەکەوی...
بەرەو ڕووت دێم تەکان دەدەم،
ناتگەمێ...
بۆ ناتگەمێ...؟؟
تۆ تاوی نەرمەبارانی پاییزیت،
تۆ شەستەبارانی چلەی زستانیت...
تۆ بەهاری
گشت وەرزێکی کوردستانیت...

قامیشلی ٢٥ -١٠- ١٩٧٥

## ڕەوەتفەنگ هێلانەی سەنگەر چۆڵ ناکات

لەنێوانی من و تۆدا تاریکایی دەریایەکە
پاپۆڕەوێنجەی پەرچەمت دەخنکێنێ...
لەنێوانی من و تۆدا
هەزارەها سەگ و پۆلیس
پاسەوانن
پەلکەزێڕینەی ئەوینمان دەبچڕێن
هەزارەها جووتەدڵدار
سەرگەردانن
دارستانی دڵدارییان دەسووتێن...
بەڵام هەزار هەزار سنوور لە ڕێما بێ،
هەزارەها کۆتی ئەستوور لە پێما بێ،
هەر دێمە لات...
تۆ پەنجەرە و دەرگاکانم لێ دامەخە
لە شەوێکی تاریکەدا
دێمەوە لات...
وەکوو لافاو و ڕەشەبا... دێمەوە لات.
لە شەوێکی تاریکەدا
جوانووی ئەوین هەڵمدەگرێ و
ڕووەو جێژوانی شین دەمبات،

ڕووەو کێڵگەی ئەوین دەمبات...
دەڵێن کەرکووک پێناکەنێ... خۆشەویستم،
ساوای بچووک پێناکەنێ... خۆشەویستم،
دەڵێن وڵات بێڕووبارە... خۆشەویستم ،
دەڵێن هەتاو بریندارە... خۆشەویستم...
دەڵێن... دەڵێن...
ڕەوەچۆلەکەش خەمبارە... خۆشەویستم

کێیە دەڵێ کوردستانی پەژارە و زام
بسکی هەتاو داناهێنێ...؟!
کێیە دەڵێ ڕەوەتفەنگی شێت و هار
هێلانەی سەنگەر چۆڵ دەکات...؟
کێیە دەڵێ شاخ و بنار
دەست بۆ ئاسمان درێژ ناکەن...؟
سیروانی مات،
گشت ڕووبارەکانی وڵات
برینی خاک سارێژ ناکەن...؟

لە دوای شەوی تاریک و ڕەش
ڕۆژی زێڕین هەڵدێتەوە،
دوای زستانی سەخت و ناخۆش
بەهارێکی شین دێتەوە...
ڕەوەتفەنگ بۆ هێلانەی گەرمی سەنگەری دێتەوە،
سەنگەر چۆڵ نامێنێتەوە...!!

شام ـ نەخۆشخانە ٨-٢-١٩٧٦

# برین

هەموو برینێکی گیانی کوردستان
پەنجەرەیە... دەرگایە
ڕۆژیان لێ دێتە ژوورەوە...
هەموو پەڵە خوێنێکی گەش
جۆگەی تیشکە
لە هەتاوی سوورەوە...!!

شام ـ نەخۆشخانە ١١-٢-١٩٧٦

# زیندان

ئەمشەو زیندان درەختی گشت هیواکانمان
پەرچ دەکات...
ئەمشەو زیندان
شەوگار بەسەر
دارستانی ئاواتمانا دەپرژێنێ...
لە شەوگاری زیندانەکانی عیراقا
دەریای سووری سروودەکانمان کەف دەکات...
دارستانی وشەکانمان
چرۆ دەکات،
هەتاو دەبێتە قۆزاخە و دەکرێتەوە...

هاورێیانی ڕێگای تووش و دژواری ڕۆژ
چاوم لە لێوی وڵاتە
گۆرانیی تیشک دەڵێتەوە.
چاوم لێیە درەختەکانی کوردستان
هەتاو دەگرن...
ئێوەی ئەمشەو لە زیندانا دیلکراو
هێشووی تیرێژ و ئەستێرەن،
ورینجەی ئاڵ

بە شەوەزەنگی وڵاتا دەپرژێن...

دەرگای زیندان،
دیواری بەندیخانەکان
چاویان لێیە
هاوڕێیانی شەپۆلی سوور
چۆن بۆ ڕووبار خەرمانەی ئاڵی مانگ دێنن،
چۆن بۆ لێوی برینی خاک
چەپکێ ڕووناکایی دێنن...

***

سەری ساڵە
سلێمانی مەستی خەمە، مەستی ژانە...
شەیدای گوڵەئەرخەوانە...
سلێمانی بالۆرەی گڕ دەڵێتەوە.
شەوگار درەختێکە هەزاران گەڵای ڕەش
دەڕێژێتە ناو شەقامی سلێمانی...
کام گۆرانی
ئەم شەوگارە هەوربەسەرە
دەباتەسەر...؟
کام گۆرانی
دڵی برینداری وڵات
لە ئەشکەوتی بێئومێدی دێنێتە دەر...؟؟

***

تاران ڕووباری ئازاره...
تاران ئەمشەو
پەردەی هەموو پەنجەرە و دەرگاکانی داداوەتەوە
لە ئەستێرەی سوور دەترسێ،
لە هەتاوی سوور دەترسێ...
تاران ژوورێکە بێ دەرگا، بێ ئۆکسیجن،
تاران ڕووبارەکێمە و هەڵچووە،
تاران پێڵاوێکی تازەی شابانووە...

***

شەوگاری شار حەوت ئەستێرە دەیهەژێنێ...
حەوت ئەستێرە
دەچۆڕێنە ناو گۆمی خوێن...
حەوت ئەستێرە
بەسەر شەوی زامی شارا دادەبارێن...
حەوت ئەستێرەی گڕداری سوور
شەپۆلێ ڕایاندەپێچێ،
شەپۆلی ئاواتێکی دوور...
حەوت ئەستێرە دێنە سەر خاک،
دێنە سەر بۆمبای سنوور...!!
شەوگاری شار حەوت ئەستێرە دەیهەژێنێ...
لە لاپەرەی بیرەوەریما دەنووسم:
شەو نامێنێ...!!

شام ـ نەخۆشخانە ١١-٢-١٩٧٦

# ئێوه

١

دەتویست نەگریم، دایە، دەتویست
دەرگای دڵم نەکەمەوە...
دەتویست فرمێسک بە پێڵووما نەیێتە خوار،
دەتویست هەموو برینەکانم سەر بڕم،
دەتویست کتێبی دڵداریی چواردەساڵەم بدڕم،
دەتویست وێنەی دڵدارەکەم
بشارمەوە و کەس نەیبینێ...
دەتویست نەخشەی وڵاتەکەم سەرنوقم کەم،
بیخەمە توێی برینێ.
دەتویست نەگریم، بەڵام گریان گەرووی تۆیشی گرتبوو،
دەتویست بژیم، پێبکەنم،
بەڵام خۆشی سەردەمێک بوو
سەری خۆی هەڵگرتبوو...

٢

چۆن مات نەبم...؟
چۆن لە وەرزی تاوانکاری و خوێنڕشتنا
دەرگای برین دادەخرێ؟

چۆن لە ڕۆژی سەربڕینی هیوای گەلا
دەنگی خاکی سووتاو دەمرێ؟؟

**٣**

من لەوێ بووم...
من لەوێ بووم کاتێ هەموو شاخەکانیان
سەر بڕی
من لەوێ بووم
کاتێ هەموو پێشمەرگەکانیان دزی...
کاتێ دوژمن گەورە گەورەکانی کڕی...
من لەوێ بووم
کاتێ هەموو ڕووبارەکانیان سووتاند،
کاتێ هەموو درەختێکی سەوزیان بڕی...
من لەوێ بووم کە کەرکووکیان بە جێ هێشت،
من لەوێ بووم کە شۆڕشیان هەڵواسی،
من لەوێ بووم کاتێ خاکیان وێران کرد...
من لەوێ بووم
من لەوێ بووم
کە خوایان تیرباران کرد.

**٤**

وتتان کۆچی ئەم جارەمان ڕووەو زۆزانێکی شینە...
وتتان بەهاری ئەم جارە
وەرزی شایی و پێکەنینە.

وتتان چەمی سووری خوێنی شەهیدەکان
دەڕژێتە سەر خاکی تینووی هیواکانمان...
کوا زۆزانی شین...؟؟
وەرزی پێکەنین...؟؟
کوانێ بەهار...؟؟
چەمی سووری خوێن کەفی کرد
بوو بە ڕووبار،
بوو بە دەریا..!!
کوانێ بەهار...؟
کوانێ دەریا...؟
کوانێ ڕووبار...؟

٥

ڕووناکیی مانگ هیی ئێوە بێ نامانەوێ...
تیشکی هەتاو هیی ئێوە بێ نامانەوێ...
هاژەی ڕووبار هیی ئێوە بێ نامانەوێ...
مانگی هەژار ئاوا نابێ،
تیشکی ڕۆژی چەوساوەکان بێ کزبوونە،
ڕووباری بێڕووبارەکان
وەکوو ئاسمان پاک و ڕوونە...

٦

کە ناتوانن چەک هەڵگرن
بۆچی چەکی هەژارەکانتان شاردەوە...؟؟

٧

له مەیخانەی ئەم سەردەمە مەیخانەدا
تا دەتوانن بخۆنەوە،
ژانی دەروونی بێژانتان بشۆنەوە...
له مەیخانەی ئەم سەردەمە مەیخانەدا
پەرداخەکانتان پڕ کەن،
تەرمی گێڤارا هەڵواسن،
تا نیوەشەو،
تا بەربەیان بخۆنەوە...
بەڵام ئیتر شەوی ئێوە کۆتایی هات...
ڕۆژی تازەی هەژارەکان بەڕێوەیە،
خۆتان مەست کەن،
دواپیاڵه مەی بخۆنەوە...
ڕۆژی تازە بەڕێوەیە،
لەم مەیخانەیە دەرناچن، نابێ کەستان بڕۆنەوە...!

٨

ئەم جارەیان
تیری نامەردیتان سینگی خاکی سمی..
ئەم جارەیان
بە گوریسی نامەردیتان
وڵاتێکتان هەڵواسی...
ئەم جارەیان

گوللەی نامەردیتان جەرگی کوردی پێکا...
ئەم جارەیان
ئاومان پێیە،
قەڵای دمدم بە هیچ هۆزێک ناگیرێ...
قەڵای دمدم
یەکجار سەخت و بێڕێیە...!

**٩**

ئێوە موفتین
ماڵی نەخشاوتان لەوبەرە.
ئێوە قازین
کۆشکی بەرز و ڕازاوەتان، مەعلوومە، هەر لەوبەرە...!
بۆرژواکان
کێ نازانێ
هەژاری کورد شێخ ڕەزایە...؟
بۆرژواکان
هەژاری کورد شێخ ڕەزایە...!

قامیشلی ـ شام، کانوونی دووەم ـ مارت ١٩٧٦

# دوو پۆستەر بۆ نەورۆزی ١٩٧٦

١

تەلەگرافی پیرۆزبایی بۆ وڵاتی برین ناچێ،
باڵی نامە برِ ناکاتە ئەولای سنوور...
لەودیوەوە
جەندرمەکانی سوڵتان
شیر و تیریان بۆ سەربڕینی ڕۆژە...
نازانن
لەناو چاوی هەموو منداڵەکوردێکا
ئەمشەو جەژنی نەورۆزە...

٢

پیاوکوژینە
هەر لووتکەیەک
دڵی لاوازتان نایگاتێ و لە بەردەمیا
دێتە لەرزین
سەری ببڕن،
هەتا داوێن هەڵیبدڕن...
نەوەک خوێنی شەهیدێکی کوردستان
مابێتەوە و لە ناوەوە چرۆ بکات،

نەوەک داری تفەنگ بڕوێ وسەر هەڵبدات،
ببێتەوە بە دارستان...
ڕەزی وڵات...؟ لە ڕەگەوە هەڵیکێشن!
کام دارستان تەڕ و سەوزە
بیبڕنەوە!
چی ڕووبارە بیسووتێنن!
لەسەر نەخشەش بیسڕنەوە...!
ئۆکسیجینی خاکەکەمان ژەهراوی کەن!
باشتر چڕنووک بە خوێنی کورد
خوێناوی کەن...!
هەرچی بکەن
پەلەوەری گڕی نەورۆز لە دڵی کورد نایێتە خوار...
لە دڵەوە دەجریوێنێ
بۆ ڕۆژی نوێ، بۆ وڵاتی بریندار،

شام ـ نەخۆشخانە ٢١-٣-١٩٧٦

# دەنگتان

*بۆ شەهابی شێخ نووری و هاوڕێکانی*

دەنگتان، هاوڕێینە، ڕووبارێ ڕقی سوورە
لە دارستانی بێدەنگی شاری زاما
شەپۆل ئەدات...
دەنگتان لەودیو دیواری بەندیخانەوە،
لە دۆزەخی زیندانەوە
ڕەشەبایەکی تووڕەیە...
دەنگتان سرووودی خاکێکی بریندارە،
دەنگتان گۆرانیی ڕووبارە،
دەنگتان شەپۆلی دەریایە،
لووتکەی سەربەرزی چیایە،
کاتێ دوژمن
دەتانخاتە ناو زیندانی تاریکەوە
هەژارەکان
هەزارەها چرا و گڵۆپ
لە دەشت و شارا هەڵدەکەن...
کاتێ دوژمن
پەلەوەری هەناسەتان دەخنکێنێ
ڕەش و ڕووتی وڵات هەزاران ئاڵای سوور
هەڵدەواسن...
هاوڕێینە... دەنگتان هەڵۆیە،
چۆن بۆ ئەوان دێتە گرتن...؟!

شام ٢ -١٠- ١٩٧٦

# هەوراز

چاپی یەکەم: ئۆپسالا ١٩٨١

## سروودی ڕۆژی تازە

بورکانی بیروباوەڕی چەوساوەکان
بەندیخانە و کۆشکی زۆردار دەڕووخێنێ،
شەوی ژان و چەوسانەوە دەسووتێنێ .
ئێمەین دڵدارانی هەتاو
سوپای گەلی زۆرلێکراو
هاوڕێی ڕێگەی ڕزگاربوون و ڕۆژی تازەین
بۆ کوردستان... بۆ کوردستان.

هیوای ڕەنجدەرانی خاکی زاممان پێیە،
ئاڵای بەرەی برایەتی و ژیانمان پێیە،
موژدەی وەرزی خۆشەویستی و نانمان پێیە.
ئێمەین دڵدارانی هەتاو
سوپای گەلی زۆرلێکراو
هاوڕێی ڕێگەی ڕزگاربوون و ڕۆژی تازەین
بۆ کوردستان... بۆ کوردستان.

ئاڵای دەستمان بە خوێنی هاوڕێیان سوورە،
دەڕۆین گەرچی ڕێگای شۆڕش یەکجار دوورە،
گەرچی ڕێگا داوە و تەلبەندە و سنوورە...

ئێمەین دڵدارانی هەتاو
سوپای گەلی زۆرلێکراو
هاورێی ڕێگەی ڕزگاربوون و ڕۆژی تازەین
بۆ کوردستان... بۆ کوردستان.

شام، دێسامبری ١٩٧٥

# له یادمی

له یادمی،
بۆ ئەستێره ئاسمانی بیر دەچێتەوه؟
له یادمی،
بۆچی باڵدار فڕینی بیر دەچێتەوه ؟
بۆچی ڕووبار
هاژەی له بیر دەچێتەوه؟
بێ تۆ ئاسمانێکی ڕەشم،
ئەستێرەیەکی بێ ورشەم،
بێ تۆ ڕووبارێکی ماتم.
له تۆوه لێوم عاشقی گزنگی پێکەنین دەبێ...
هەڵۆی وشەم
فێری بەرزەفڕین دەبێ...
له یادمی،
ئاسمان ناتوانێ شین نەبێ...
له یادمی،
بێ تۆ شێوەی مردنم لێ نابێتەوه
له یادمی،
خوێن ناتوانێ
له ڕەنگی سوور جیا بێتەوه...!!

شام ٤-١٠-١٩٧٦

# که ئەستێره دادەچۆڕێ

*بۆ ئیبراهیم عەزۆ*

که یەکەم جار یەکمان ناسی
شەوی بەغدا یەکجار ڕەش بوو...
که یەکەم جار یەکمان ناسی
دیجلەی خەفەت دڵی بەغدای دەئەنجنی...
جووتەدڵداری ئێسکسووک لەو کەناره،
دەستی تاسه و دڵدارییان، به ترسەوه،
لەگەردنی یەک دەئاڵاند...
ـ گیانه نەوەک ئەم جاره دوا جار بێت...
ـ گیانه نەوەک...
که یەکەم جار یەکمان ناسی
بەغدا پێتەختی پەژاره و برسێتی بوو،
خوێن هەواڵی دوا هەواری خۆی دەپرسی و
برین بێ شوێن و هەواڵ و ناونیشان بوو...
که یەکەم جار یەکمان ناسی ئەبوو نوئاس
دەیڕوانییه لاشەی شیعری پەلپەلکراو،
دەیڕوانییه شەوی بەعس
بەسەر گەڵا و لق و پۆپی دارەکانا دادەباری...

شەقامەکان
ناوی بەعسیان لێ نرابوو،
خوێندنگەکان
ناوی بەعسیان لێ نرابوو،
مزگەوتەکان
ناوی بەعسیان لێ نرابوو،
قەحپەخانەی شارەکانیش
ناوی بەعسیان لێ نرابوو...

***

کە یەکەم جار یەکمان ناسی
سیخوڕەکان بۆ تارماییی پێکەنینێ دەگەڕان
بیگرن، بیدەن لە سێدارە،
بەعسییەکان لە درەختێ دەگەڕان
بۆ ڕۆژ بیکەن بە قەنارە.
کە یەکەم جار یەکمان ناسی
نامەیەکی سوورمان پێ بوو،
ئەدرێسی شیرینی تیا بوو...
ناونیشانی زینی تیا بوو...

ئای هاوڕێ گیان... تۆ نازانی
کۆچی دڵدار چەندە سەختە، چەند گرانە...!!
تۆ نازانی
مەرگی هاوڕێ دەردێکی چەند بێدەرمانە...

ئای هاوڕێ گیان
مەرگی هاوڕێ وڵاتێکە
برینی قووڵ سنووریەتی
مەرگی هاوڕێ
هەزار ساڵی بێبارانە...
پشکۆی سوورە و بە لێوی گیانا دەچزێ،
ئاخی شەوی تاڵی غەریبایەتییە،
تەورە و لق و پۆپی داری کەسکی خۆشی
دەبڕێتەوە،
شارێکی بێناونیشانە.
ئای هاوڕێ گیان من دەزانم
کۆچی دڵدار چەندە سەختە، چەند گرانە.
من دەزانم
مەرگی هاوڕێ دەردێکی چەند بێ دەرمانە.

چاوەڕێت بووم...
کە پاییز هات،
لەناو زەردەی خەزانا چاوەڕێم کردی،
هەر نەهاتی...
دەمویست درەختی زەرد و مات بپشکوێنی...
دەمویست برینی پڕ ئێشی دڵ سارێژ کەی...
هەر نەهاتی...
شەوگاری دوورەوڵاتی هاونشینی ژیانم بوو،
هەر نەهاتی،

ڕۆژی ژاکاوی لێکبڕان
تاقەهاوڕێی گیانم بوو،
هەر نەهاتی... هەر نەهاتی
بە دوای نیگای هاورێتیتا، سەرگەردانم
بە دوای شێوەی دڵسۆزیتا سەرگەردانم...

هاوینی گوڵڕەنگی چیا دەیڕوانییە
توولەڕێگەی ماتی پێشمان،
ئێوارە بوو...
هەسپی تەمەنمان هەر یەکە
ملی ڕێگەی خوێناویی گرت...
جیا بووینەوە.
وتمان با هەورازی سەرکەش جێژوان بێ،
شەپۆلی خوێن ناونیشان بێ.
وتمان هەسپی سەرکێشی ژیانمان دەبەینە
سەر ڕووباری خۆشەویستی...
شەوی مات و بێدەنگی شار
دەکەینە ڕۆژ...
چاوەڕوانی تاوەبارانی هەواڵ بووم
هەر نەهاتی...
شەوی مۆنی زستان لەناو خوێنما دەژیا،
هەر نەهاتی...
ڕەوەباڵدارێکی ڕەشم لەسەر دیواری شار بینی،
هەر نەهاتی...

کەسێ نەبوو
درەختی شەو ڕاوەشێنێ...
کەسێ نەبوو
ڕێگەی کاروانی هەواڵت بەفرماڵ کات،
کەسێ نەبوو
بەهاری نووستوو هەڵسێنێ...
کەسێ نەبوو نامەیێکی تۆم بۆ بێنێ.

لە کام دەریای بێبنی ئەم جیهانەدا
بۆت بگەڕێم...؟
لە کام گۆشەی ساماڵی ئەم ئاسمانەدا
بۆت بگەڕێم...؟
لە کامە ڕۆژ، کام ئەستێرە
ناونیشانی تۆ بپرسم...؟

لێیان پرسیم: کوا لە کوێیە...؟
چیی بە سەر هات...؟
بۆ دەرنەکەوت، بۆچی نەهات...؟

شۆڕەسوارێ...
بیستی بەهار بەند کراوە
بیستی هەتاو زیندانییە...
سواری ئەسپێکی خوێنین بوو،

ڕێگەی سەختی هات و نەهاتی گرتە پێش،
شۆڕەسوارێ،
نە سەهۆڵبەندان ترسانی،
نە کڕێوە و ڕەشەبا و زریان وەستانی...

کێ بێ ڕووبار تێگەیێنێ
کە تۆیان کوشت...؟
کێ بێ چیا تێگەیێنێ
کە تۆیان کوشت...؟
کێ بێ دەریا تێگەیێنێ
کە تۆیان کوشت...؟
کێ بێ ئاسمان تێگەیێنێ
وێنەیێکت لە چەخماخە و هەور و باران بۆ بکێشێ...؟
کێ بێ سوورەگوڵی وڵات تێگەیێنێ
پۆستەرێکت بۆ چێ بکەن...؟

کە تۆیان کوشت
داری کەسکی وڵات گریان.
کە تۆیان کوشت
چەم و ڕووبار بە کوڵ گریان.
کە تۆیان کوشت،
هاوڕێ، خوێنی ستێرێکی سووریان ڕشت.

هاوڕێینە... با بە یادی کۆچی هاوڕێمان

ئالای سووری بڕوا هەڵکەین...
با هۆنراوەی خوێنینی دڵسۆزی بڵێین...
هاوڕێینە...با بە یادی کۆچی هاوڕێمان
سرووودێکی سووری تازە بۆ یار بڵێین...
بۆ گوند بڵێین، بۆ شار بڵێین...
سرووودێکی سووری تازە
بۆ شاخ و بۆ بنار بڵێین،
بۆ جۆگەلە و ڕووبار بڵێین...

کە ئەستێرە دادەچۆڕێ...
شەوگار ڕووناک دەبێتەوە و کاروانەڕێ
ڕوونتر دەبێ...
کە خوێنی هاوڕێیەک دەڕژێ
ئالای بەرزی بیروباوەڕ سوورتر دەبێ.

شام ـ بەیرووت ـ هامبورگ، ١٩٧٧–١٩٧٨

# که تۆ دەڕۆی

*بۆ شاسوار جەلال (ئارام)*

که تۆ دەڕۆی
خەم وەکوو ئەستێرەیەکی زەردهەڵگەڕاو
له دەلاقەی برینەوه
دەڕوانێته دڵی تەنیام...
که تۆ دەڕۆی
وشەی خەمبار سەر کز دەکا و
ورده ورده
ژانی دڵی دەکاته گۆرانیی ئەوین،
که تۆ دەڕۆی هۆنراوەی شین
پەنا دەباته بەر برین.
که تۆ دەڕۆی پۆلەوشەی جوان و شیرین
ئارام ناگرن،
لاپەڕەی زەرد جێ دەهێڵن،
بەرەو هەوراز بەرەو لووتکه
دەڕۆن، دەکەونه هەڵفڕین...
که تۆ دەڕۆی
کەژی هیوا له لووتکەوه هەتا بنار
بۆ تۆ دەگری...
کتێبی بچکۆلەکانی کوردستان
تژی دەبن له سرووودی سووری خوێنین...

هامبۆرگ ٢٧-٧-١٩٧٨

# پێڕست


زەوی دەکەم بە گوڵدانی تەڵێ شەوبۆ ..... 5

**پرۆژەی کوودەتایەکی نهێنی (١٩٧٣، ٢٠٠٠)** ..... 9

١. مردنی شازادە ..... 11

٢. بەندیخانە و شەقامی شەو ..... 13

٣. هۆنراوێک بۆ سلێمانی ..... 20

٤. ونبوون لەناو وشەدا ..... 23

٥. پرۆژەی کوودەتایەکی نهێنی ..... 26

٦. گۆرانی... ناسۆر... بۆ کێ وتران؟ ..... 30

٧. پرسیار سەبارەت بە ئاوارەیەک ..... 33

٨. برووسکەیەک بۆ خوای تاوان ..... 35

٩. نامەی شەیدایەکی بێزار ..... 37

١٠. پاشماوەی ورێنەیەکی شەوانە ..... 39

١١. یەکێک لەو شەوانە ..... 42

١٢. تاسێک لە کۆچی هەڵاڵەدا ..... 44

١٣. ١، ٢، ٣، ... ..... 46

١٤. دوالاپەڕەی ڕشتەی مرواری ..... 50

**پاشکۆی پرۆژەی کوودەتایەکی نهێنی** ..... 55

١. چەند بڕگەیەک لە ئازارەکانی ڕاسکۆڵنیکۆڤ ..... 57

٢. ١٩ی حوزەیران و بڵێسەی شار ..... 61

٣. زەنگ و یاسای دوڕگە سەرلێشێواوەکان ..... 63

٤. موژدەی لەدایکبوونی تابلۆیەک ..... 66

٥. بە دوای چاوی غەمگینی ساڵێکتا وێڵم ..... 68

٦. لەگەڵ کشانی دیجلەدا ..... 71
٧. شەیدای بارانێکی سەوزم ..... 72

**نەء، شەقامەکان بریندارن** ..... 73
١. گوڵی سوور ..... 75
٢. گوڵاڵە ..... 77
٣. کوڵۆی ئاگر ..... 79
٤. هەڵبەستێک بە فرمێسک ناخنکێ ..... 81
٥. پەیکەری سپی ..... 84

**ڕووبارەتیشکێک لە هەتاوی سوورەوە (١٩٧٧)** ..... 87
١. گۆرانییەکی سوور بۆ سابڵاخ ..... 89
٢. کەژاوەی خوێن ..... 91
٣. زستانی ئێش ..... 94
٤. تۆ دووریت و دووریت نزیکی گیانمە ..... 95
٥. چواربڕگە خۆشەویستی بۆ (ک) ..... 97
٦. ڕەوەتفەنگ هێلانەی سەنگەر چۆڵ ناکات ..... 99
٧. برین ..... 101
٨. زیندان ..... 102
٩. ئێوە ..... 105
١٠. دوو پۆستەر بۆ نەورۆزی ١٩٧٦ ..... 110
١١. دەنگتان ..... 112

**هەوراز** ..... 113
١. سرودی ڕۆژی تازە ..... 115
٢. لە یادمی ..... 117
٣. کە ئەستێرە دادەچۆڕێ ..... 118
٤. کە تۆ دەڕۆی ..... 125

سوپاس بۆ کاک نەبەز شاکەلی کە لە هەڵەگریی
ئەم کتێبەدا یارمەتییەکی زۆری دام